# ئامۆژگاری باوکانە

# بۆ

# لاوانی موسڵمان

**نووسینی: د.یوسف القرضاوي**

**وەرگێڕانی بۆ فارسی: فائز ابراهیم محمد**

**وەرگێڕانی بۆ کوردی: جوتیار قارەمان**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی وەرگێڕی کوردی

**بسم الله الرحمن الرحیم**

درود و سڵاو لەسەر گیانی پاکی پێغەمبەرﷺ و ئالوبەیت و یارانی و شوێنکەوتووانی بێت تا ڕۆژی دوایی.

خوێنەرانی بەڕێز ئەم کتێبەی بەردەستتان گەنجینەیەکە لە ئامۆژگاری و ڕێنمایی درەوشاوە و پڕشنگدار کە زانای پایەبەرزی ئیسلام و ئەم سەردەمە (د.یوسف القرضاوي) کە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەرﷺەوە هەڵیگۆزیون و حستوونیەتە بەردەست خوێنەرانی ئازیز، ئەگەر هەرکەسە و لە ئاستی خۆیەوە پەیڕەوییان لێبکات ئەوا دەبنە مۆمی ڕێگای شەوەزەنگی تاریکی ژیان و منارەی کەناری دەریای لێڵ و بێبنی هزر و مرۆڤ دەخەنە سەر ڕێگای ڕاست و دەیانگەیەنێتە لەنگەرگای دروست و ئارام.

بە لەبەرچاوگرتن و جێبەجێکردنی ئەم ئامۆژگارییانە دەتوانیت ڕەزامەندی خودای باڵادەست بەدەستبهێنیت و لە هەمان کاتیشدا لەناو کۆمەڵگاشدا و لەلای خەڵکی کەسێکی خوازراو و خۆشەویست بیت و هەمووان بەڕێز و شکۆمەندییەوە لێت بڕوانن.

هەروەها ئەم کتێبە دەتوانێت ببێتە مەنهەجێك بۆ ئەو مامۆستایانەی وانەی قورئان دەڵێنەوە و ئامۆژگارییەکانی فێری خوێندکارەکانی بەردەستیان بکەن تا نەوەیەکی ڕەوشت بەرز و بە شەرم و شکۆ بخەنە ناو کۆمەڵگاوە.

هیوادارم کە وەرگێڕانی ئەم کتێبە جێی ڕەزامەندی خودای پەروەردگاربێت و ئێوەی خوێنەریش بەدڵتان بێت. لە بوونی هەر کەم و کورتییەکیش تیایدا داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگار دەکەم و ئێوەی ئازیزیش بمان بەخشن، چونکە کاری مرۆڤەکان بەبێ کەم و کوڕی نابێت و سەرکەوتن و سەرفرازیش هەر بەدەست خودای باڵادەستە.

**٢٦ ڕەمەزانی ١٤٣٤ کۆچی**

**٢٠١٣/٠٨/٠٤ زایینی**

**یەکشەممە – هەڵەبجەی شەهید**

# پێشەکی وەرگێڕی فارسی

ئەم بابەتە پوختەی کە لەبەر دەستتاندایە وەرگێڕدراوی بەشی چوارەمی کتێبی (الصحوة الإسلامية بين الجحود و التطرف)ی (د.یوسف قەرزاوی)ە.

سەرەتا وام بەبیردا هات کە هەموو کتێبەکە وەربگێڕم، بەڵام بەهۆی گرنگی و پێویستی ئەم بەشە کورت و پوختە کە گەلێك ئامۆژگاری و ڕێنمونی جوان و ڕوونکردنەوەی بۆ گەنجانی کەم شارەزای موسوڵمان تێدایە و سەرەڕای کەم شارەزایشم لەم بوارەدا، ئەوە بوو خێرا دەستم دایە وەرگێڕانی ئەم بەشە، ئەگەر خودا بیەوێت ئەوا لەکاتێکی تریشدا هەموو کتێبەکە وەردەگێڕم و دەیخەمە بەردەستی شەیدایانی ئەم بوارەوە.

داواکارم لەخوداوەند سودمەندمان بکات لەئامۆژگارییەکانی ئەم کتێبە و بیکاتە ئەڵقەیەکی ڕازاوە لەگوێماندا و بەپێی توانا بتوانین کاریان پێبکەین، بەڵکو ڕێنمونییەکی لێوە پەیدابێت بۆمان.

﴿وَٱللَّهُ يَقُولُ ٱلۡحَقَّ وَهُوَ يَهۡدِي ٱلسَّبِيلَ ۝٤﴾ (الأحزاب: ٤)

فائز ابراهيم محمد

٢١ رمضان ١٤١٩ك-ساوە

# ئامۆژگاری باوکانە بۆ گەنجانی ئیسلام

لەکۆتا لێکۆڵینەوەمدا کە لە گۆڤاری ((الأمة-ی قەتەری-)) لە ڕەمەزانی ساڵی ١٤٠١ك لەژێر ناونیشانی (بێداری لاوانی ئیسلامی)دا بڵاوکرایەوە، لەدوای خستنەڕوو و ژماردنی چەند خاڵێکی ئەرێنی و نەرێنی لاوان، لەکۆتاییەکەیدا جەختم لەسەر دوو ڕاستی ئاشکرا کردەوە :

یەکەم: گەڕانەوە بۆ فیترەت و سەرچاوەی سەرەکی، کارێکی زۆردروست و سروشتییە و نیشانەکانی بەتەواوی ئاشکران. ئەم سەرچاوە سەرەکییە لەم سەر زەوییەی ئێمەدا (ئیسلام)ە، کە هەرچەندە کەسانی کینە لەدڵ و گومڕا و یاخیبوو، خەڵکی لێ دووربخەنەوە و گومڕایان بکەن، لەگرنگی (ئیسلام) هیچ کەم ناکاتەوە و هیچ گۆڕانکارییەك ڕوونادات و کۆتاییەکەی هەر گەڕانەوەیە بۆ ئیسلام، چونکە هەمیشە لەکاتی کێشە و سەختییەکاندا، ڕەنج و مەینەت قورستر و بەهێزتر دەبن و زۆرتر دەبن و ڕێگاکان تێکەڵی یەکتری دەبن و لەیەکتری دەبنە نەناسراو و خەمۆکی و نائومێدی باڵدەکێشێت بەسەر هەموو شتێدا. لەم کاتە ناخۆشانەدایە کە خەڵکی، هیچ کەسێك و هیچ شتێکیان وەك ئاینەکەیان پێویست نییە و هەموو پێکەوە بە هەڵەداوان و بە شەوق و گوڕەوە ڕووی تێدەکەن و پەنای دەبەنە بەر و داوای گیانێکی بەهێز و هێزێکی گیانیی و ژیانێکی ئومێد بەخش و ئومێدی ژیان و ڕووناکی ڕێگە و ڕێگەی ڕووناك دەکەن.

کۆمەڵگاکانی ئێمە هەموو ئەو یاسا و بەرنامە و بارودۆخانەیان تاقیکردووەتەوە کە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە سەریانهەڵداوە و هەموویان بەکارهێناوە، بەڵام هەرگیز ئامانجی ویستراوی خۆی لە ڕووی چاکی و پاکی تاکە کەس و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا، لە بابەتە ئاینی و دنیاییەکاندا و تەنانەت لە بنیادنان و ئاوەدانکردنەوەشدا بەدەستنەهێناوە و پێی نەگەشتووە، جگە لە لاوازی و بەفیڕۆدانی سەروەت و لێکهەڵوەشان هیچی تری بەرهەم نەهێناوە. پاشماوەو بەرهەمە شومەکەی ئەمڕۆی بەتەواوی سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن!

دوای ئەوەی کە بیروباوەڕی هەموو کەس لەتەواوی جیهانی ئیسلامیدا، هاتوەتە سەر ئەوەی کە تەنها ڕێگەچارە بۆ ئەمە چارەسەری ئیسلامی و پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامییە لە هەموو کاروبارێکی ژیاندا و هەموو لایەك بەتەمای دەسەڵاتێکی ئیسلامین، لەم کاتەدا لاوان

**هێزێکی کاریگەر و بلێسەدەر و توندیان تێدا پەیدابووە و باوەڕیان بەهێمنی و میانڕەوی سیاسی و سیاسەتی نەرم وئارام نییە و پێی ڕازی نابن.**

**دووەم: ئەم هەستی توندوتیژییەی کە ئەم لاوانە هەیانە، نابێت بە زەبرو توندوتیژی و هەڕەشە لێکردن ڕووبەڕوویان ببینەوە، چونکە توندوتیژی جگە لە بارگرانی و، هەڕەشە لێ کردن جگە لە بەردەوامبوون و پێداگریکردن لەسەر توندوتیژی، هیچی تر بەرهەم ناهێنێت، وە هەروەها گومان دروستکردن و یەکتری تاوانبارکردن هیچ سودێکی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەس ناتوانێت گومان بکات و دوودڵ بێت لە پاکی و ئیخلاس و ڕاستگۆیی ئەم لاوانە لەگەڵ خۆیان و خوادا.**

**بەڵکو چارەسەرو دەرمانی ڕاستەقینە، تەنها کاتێك دێتەدی کە لەیەکتر نزیکببینەوە و چاك لەیەکتر تێبگەین و گوێ لە بیروبۆچوونەکانیان بگرین و گومانی چاك ببەین بە نیەتەکانیان و هەڵوێستەکانیان و کۆشش بکەین بۆ نەهێشتنی ئەو دابڕانەی کە دروستبووە لە نێوان ئەمان و ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژین. تا وای لێدێت کە هەموو تێگەیشتن و بابەتەکان ڕۆشن دەبنەوە و هەموو گومان و دوو دڵییەکان دەڕەوێنەوە، بۆئەوەی بابەتی ململانێکان و جیاوازییەکان بە ئازادی بێت و ئەو کۆمەڵەی هاوڕادەبن لەسەر شتێك، جیابکرێنەوە لەو کۆمەڵەیتر کە هاوڕانابن.**

# لە پێناو دانیشتن و گفتوگۆی بنیادنەرانەدا

**لەم گفتوگۆیانەدا چەندین ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەخەمە بەردەستی لاوان، کە ئومێدەوارم بەم کارەم جگە لە ڕەزامەندی خودای پەروەردگار مەبەستم هیچیتر نە بوو بێت.**

**هەر بەو شێوەیەی کە (پەیامبەری خوداﷺ) فێری کردووین: ((ئاین ئامۆژگارییە، جا چ لە لایەن خوداوە بێت یان پێغەمبەرەکەیەوە یان کتێبەکەیەوە یان گەورە و پێشەواکانی موسوڵمانانەوە یان هەرکەسێکی موسەڵمانەوە بێت)). یان ئەم وتەیەی کە دەفەرموێت:**

**((ئیماندار، ئاوێنەی ئیمانداره)) یان (( ئامۆژگاری و ڕێنماییکردن بۆ ڕاستی و ئارامگرتن، هۆکاری ڕزگاربوونن لە دۆڕان و زیانی دنیا و دواڕۆژ)).**

**مەبەستی من لەم ئامۆژگاری و ڕێنماییانە داگیرساندنی چراو دانانی نیشانەیە لەسەر ڕێگەیەك کە بمانگەیەنێت بە ئامانجەکەمان و بە دوورمانبخاتەوە لە ناڕوونی و لاڕێیی یان دوورمانبخاتەوە لە پێدانان لەشوێنی هەڵەدا.**

## یەکەم: ڕێز لە پسپۆڕەکان بگرن

**ئامۆژگاری ئەم گەنجانە دەکەم کە سەرەتا:**

**ڕێز لەپسپۆڕەکان بگرن، چونکە هەرکارێك کەسی تایبەت و شارەزای خۆی هەیە و هەر هونەر و پیشەیەك کەسانی تایبەت بە خۆیان هەیە. هەروەك چۆن ئەندازیارێك ناتوانێت لە کاروباری پزیشکیدا بیروبۆچوونی خۆی بخاتەڕوو و بڕیاربدات، وە پزیشکێکیش ناتوانێت لە بارەی یاساوە بڕیاربدات، ڕوونتر بڵێین پزیشکێکی شارەزا لەبوارێکدا ناتوانێت لەبوارێکی تری پزیشکیدا خۆی هەڵبقورتێنێت و بڕیاربدات، بۆ زانستی (شەریعەت)یش بەهەمان شێوەیە و باش نییە هەرکەسێك لەلای خۆیەوە بەئارەزووی خۆی، بە ڕەوای بزانێت فەتوا بۆ خەڵك دەربکات و خۆی لە کاروباری زانستی (شەریعەت)دا هەڵقورتێنێت، بەم قسانەی کە دەیانکەم ئیسلام تایبەتمەند نابێت بە کۆمەڵێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو بەپێچەوانەی ئاینەکانی ترەوە، ئیسلام کۆمەڵێکی دیاری کراو بەناوی (پیاوانی ئایینی-رجال الدین-)ی قەبوڵ نییە و پێی ئاشنا نییە.**

**بەڵێ، ئەمە ڕاستە کە ئیسلام کۆمەڵێکی دیاریکراو بەناوی (پیاوانی ئایینی -رجال الدین-) هەگیز ناناسێت و نەیناسیوە، بەڵام ئەو ڕۆشنبیر و زانایانە دەناسێت کە شارەزاییان لەئاین و شەریعەتدا هەیە، هەر ئەو کەسانەی کە (قورئانی پیرۆز) بەم شێوەیە ئاماژەیان پێدەدات:**

﴿فَلَوۡلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرۡقَةٖ مِّنۡهُمۡ طَآئِفَةٞ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوۡمَهُمۡ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَحۡذَرُونَ ١٢٢﴾ (**التوبة: ١٢٢**).

**واتە: (( پێویستە کە لە هەر هۆز و خێڵێك کۆمەڵێك بچن (هەوڵی فێربوونی زانستی ئاینی بدەن) تا ئاشنابن بە زانستی ئایینی و سود بە یەکتر بگەیەنن، وە کاتێکیش کە گەڕانەوە بۆ لای هۆز و خێڵەکانیان هەوڵی فێرکردنی خەڵك بدەن و ڕێنمونییان بکەن و لە سەرپێچی(سەرپێچیکردنی فەرمانی خودا) ئاگاداریان بکەنەوە تا (خۆیان لە سزا و تۆڵەی خودا بپارێزن، وە هەروەها لە گومڕایی و سەر لێشێواویش) خۆپارێزی بکەن)).**

**(قورئان) و (سوننەت) فێرمان دەکەن کە ئەو شتانەی کە نایانزانین پرسیار بکەین لە خاوەنی خۆیان، واتە لەو زانایانەی کە شارەزان لەو بوارەدا:**

﴿فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٤٣﴾ (**النحل: ٤٣**).

**واتە: ((پرسیار لەو کەسانە بکەن کە خاوەنی زانست و ئاگایین، ئەگەر نازانن)).**

﴿وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ﴾ (**النساء: ٨٣**).

**واتە: (( ئەگەر بیگەڕێننەوە بۆ لای پەیامبەر و فەرمانڕەواکانیان، ئەوکاتە ئەو کەسانەی کە خاوەن لێکۆڵینەوەن لێی تێدەگەن و دەرکی دەکەن)).**

﴿فَسۡـَٔلۡ بِهِۦ خَبِيرٗا ٥٩﴾ (**الفرقان: ٥٩**).

**واتە: (( لە کەسێکی زۆرشارەزا و بەئاگا بپرسە).**

﴿وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثۡلُ خَبِيرٖ ١٤﴾ (**فاطر: ١٤**).

**واتە: (( هیچ کەسێك وەك (خودای کاربەجیٚ و زانا)، تۆ ئاگادار و وریا ناکاتەوە)).**

**(پێغەمبەری خوداﷺ) بەم شێوەیەی فەرموو لە بارەی ئەو هاوەڵەوە کە سەری بریندا بووبوو و هاوڕێکانی بەبیانووی (غوسڵ دەرکردن)، لەگەڵ ئەوەشدا کە برینداربوو زۆریان لێکرد و فتوایان بۆدا کە هەر دەبێت خۆی بشوات و پاشان گیانی سپارد:**

**((کوشتیان، خودا بیانکوژێت! بۆچی کاتێك کە نەیانزانیوە پرسیاریان نەکردووە؟ ئەوە باش بزانن کە دەرمانی جەهل و نەزانی، تەنها پرسیار کردنە )).**

کاتێك دەبینم کەسانێك ڕێگە بەخۆیان دەدەن و لەبابەتە گرنگەکاندا، بەبێ ئەوەی کە خاوەنی زانست بن و لەم کارەدا شارەزاییان هەبێت، فەتوا دەدەن و یاسا دەردەکەن، من ترس سەراپای بوونم دادەگرێت!

تەواوی زانایانی کۆن و نوێ پێچەوانەی ئەم کارانە و ئەم جۆرە کەسانەش بوون کە هەندێکجار پێ لەبەڕەی خۆیان زیاتر ڕادەکێشن و کەسانی تری جگە لەخۆیان بە نەخوێندەوار و نەزان دادەنێن، لە کاتێکدا خۆیان –بە بڕوای خۆیان– بە شوێنکەوتە (مقلد) نازانن و حەق بەخۆیان دەدەن و ئیجتیهاد دەکەن، هەڵبەتە ئەوە ڕاستە کە دەرگای ئیجتیهاد دانەخراوە و بۆ هەموو کەسێك کراوەیە، بەڵام پێویستە بزانن ئیجتیهاد مەرجی تایبەتی خۆی هەیە و هیچ یەکێك لەو جۆرە کەسانە ئەم مەرجانەیان تێدا نییە!

زانایان و لێکۆڵەرەوانی پێشوو، ڕەخنەو هەڵەیان گرتووە لەهەندێك لەزانایانی هاوسەردەمی خۆیان کە لەفتواداندا چاونەترسانە و بەبێ بیرکردنەوە و لێوردبوونەوە، بەخێرایی فتوایان داوە. بۆ نمونە لە بارەی فتوای یەکێك لەو جۆرە کەسانەوە کە پەلە دەکەن لە فتواداندا وتوویانە: ((ئەگەر ئەو بابەتە بۆ (ئیمامی عومەر رضي الله عنه) باس بکرایا، هەموو (ئەهلی بەدر)ی بۆ کۆ دەکردەوە!)) وە یان وتوویانە: (( ئەو کەسەتان کە لە فتوادان ناترسێت، ئەو کەسەتانە کە لە ئاگر ناترسێت!)).

خەلیفەکانی ڕاشیدین سەرەڕای ئەوەی کە خوای گەورە زانست و زانیاری پێ بەخشیبوون، کەچی هەرکاتێك کێشە و گرفتێك ڕووی تێبکردنایە، زانایان و شارەزایانی ناو هاوەڵانیان کۆدەکردەوە و ڕاوێژیان لەگەڵدا دەکردن، گوێیان لەبیروبۆچوونەکانیان دەگرت و باشترین و ڕاستترینیان هەڵدەبژارد، تەنانەت لەم جۆرە فتوایانەی هاوەڵانەوە بوو کە کۆدەنگی(اجماع) لەو سەردەمانەدا سەریهەڵدا.

تەنانەت هەندێك لەوان خۆپارێزیان دەکرد لە فتوادان، نە وەڵامیان دەدایەوە و نە بە کەسێکی تریشیان دەسپارد، بەڵکو دەیانفەرموو: ((نازانم))!

(عتبة بن مسلم) دەڵێت: (( من سی و چوار مانگ لەگەڵ (ابن عمر)دا بووم، بۆ وەڵامی زۆربەی ئەو پرسیارانەی کە لێی دەکرا دەیگوت: نازانم! )).

((ابن ابی لیلی)) وتویەتی: (( من سەد و بیست کەسم لە ئەنصار بینیوە و ناسیومن، کە هەرکاتێك کەسێك لە بارەی بابەتێکەوە پرسیاری لێدەکردن، دەیان نارد بۆلای کەسێکی تر، وە

**ئەویش دەینارد بۆلای کەسێکی تر، تا وای لێدەهات دەگەڕایەوە بۆ لای هەمان ئەو کەسەی کە یەکەمجار پرسیاری لێکراوە و لە نێوانیاندا کەسێك دەست نەدەکەوت کە بابەتەکە بکاتەوە و لەبارەیەوە قسەبکات یان وەڵامێك بداتەوە، مەگەر ئەوەی هەریەکەیان ئارەزوویان وابوو کە هاوڕێکەیان دەستپێشخەری بکات و ئەیان نارد بۆلای ئەو )).**

**((عطاء بن سائب)) وتوویەتی: (( زۆر کەسم دیوە کە ئەگەر کەسێك لەبارەی شتێکەوە پرسیاری لێ بکردنایە، لەکاتی وەڵامدانەوەدا کە قسەیان دەکرد، هەموو جەستەیان دەلەرزی!)).**

**وە ئەگەر کەمێك بێینە پێشەوە و بێینە ناو شوێنکەوتووان و سەرنجێکیش لەوان بدەین، گەورە و فەقیهترینیان (( سعید بن مسیب )) دەبینین کە هەرگیز لە فتواداان نزیك نەدەبوویەوە و وەڵامی نەدەدایەوە، تەنها هەر ئەمەی دەگوت: (( خودایە، بم پارێزە، وە خەڵکیش لە من بپارێزە!)).**

**وە لەپاش شوێنکەوتووان، دەگەین بە سەرگەورە و پێشەوایانی مەزهەبەکان کە تائێستاش پەیرەوییان لێدەکرێت، کە ئەگەر خەیر و چاکەیان لەبابەتێکدا نەبینییایە، بەهیچ شێوەیەك لە خۆیان بایی نەدەبوون و شەرمیان نەدەکرد لە وتنی وشەی (نازانم). لەوانەش (مالك) لەم بارەیەوە زۆرتوند و سەرسەخت بووە، دەیگوت: (( هەرکەسێك لە بارەی بابەتێکەوە پرسیاری لێبکرێت، باشتروایە پێش ئەوەی هیچ وەڵامێك بداتەوە، خۆی لەگەڵ بەهەشت و ئاگری دۆزەخدا ڕووبەڕوو بکاتەوە، تا خۆی ببینێتەوە کە چۆن دەتوانێت خۆی لەسزای دواڕۆژ ڕزگاربکات، ئەوکاتە وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە)).**

**((ابن قاسم)) دەڵێت: (( لە (مالك)م بیستووە کە دەیگوت: من لەبارەی بابەتێکەوە ماوەی دە ساڵێك بیرمکردەوە، بەڵام تائێستاش بەهیچ بۆ چوونێك نەگەشتووم و هیچ حوکمێکم لە بارەیەوە دەرنەکردووە)).**

**(( ابن مهدی)) لە ((مالك))ی بیستووە کە وتوویەتی: (( جاری وا هەبووە ڕووبەڕووی بابەتێك بوومەتەوە و بەهۆیەوە، یەکساڵی تەواو بە شەودا نەدەخوتم! )).**

**((مصعب))یش دەڵێت: (( باوکم لەبارەی بابەتێکەوە منی نارد بۆلای ((مالك)) و خاوەن پرسیارەکەش لەگەڵ مندابوو و ڕووداو و بابەتەکەی بۆ خستەڕوو و پرسیارەکەی کرد، بەڵام (مالك) لە وەڵامدا وتی: لەم بارەیەوە وەڵامێکی باش و ڕازیکەرم لا نییە، بڕۆن پرسیار لە خاوەن زانیارییەکان (اهل العلم) بکەن!)).**

(( ابن أبي احسان )) وتویەتی: (( لە بیستودوو بابەتدا پرسیاریان لە (مالك) كرد، بەڵام جگە لە دوو پرسیاریان وەڵامی هیچی تری نەدایەوە، وە دوای ئەوەش چەندینجار زیكری ((لا حول و لا قوة الاّ بالله))ی دووبارە دەوتەوە!)).

با لەبیرمان نەچێت، من بەم قسانەم نامەوێت كە ببمە ڕێگر لەبەردەم خوێندن و فێربوونی گەنجانی موسوڵماندا، چونكە فێربوونی زانست لەسەر هەموو كەسێك واجبە و پێویستە هەر لەبێشكەوە هەتا گۆڕ كۆڵ نەدات، بەڵكو دەمەوێت بڵێم: ئەوانە هەرچەندە لە خوێندن و خوێندنەوە و لێكۆڵینەوەدا خەریكبن، هەر پێویستیان بە خاوەن زانیاری و كەسانی شارەزا هەیە، چونكە لە زانستی (شەریعەت)دا كۆمەڵێك هۆكار و بابەت هەن ڕەنگە ئەوان دەستیان پێی نەگەشتبێت، هەروەها ئەمە شتێكی ڕێكوپێك و جوانە بۆئەوەی نەوەك بە باشی ئەو بابەتانەیان نەناسیبێت و بەهەڵەدا نەچن، وە هەروەها كۆمەڵێك بابەتی تیادایە كە فەرعی و لاوەكین و ڕەنگە كاتەكانیان و كارەكانیان ڕێگەیان پێنەدات كە هەموو هەوڵی خۆیان و كۆششیانی تیادا بەكارببەن، وە هەركەسە و بەكاری خۆیەوە سەرقاڵە و بۆئە و كارەی كە بۆی دروستكراوە گونجاو و ئامادەترە.

من ناڵێم ئەم گەنجانە واز لەكۆلیژەكانیان بهێنن و ڕووبكەنە وانە ئاینییەكان و زانستی شەریعەت، كە كۆلێژەكانیان بەزۆری بریتییە لەكۆلێژە بیردۆزەیی و زانستییەكانی وەك: (ئەدەبیات، ئابووری، پزیشكی، هونەری و ئەندازیاری)، ئەوانە لەپاش ئەوەی ماوەی ئەم خوێندنەیان بەكۆتا دەگەیەنن و چەند ساڵێكیان لەو كۆلێژانەدا گوزەراندووە، وە تەنانەت هەیانە نمرەی بەرزی لە بەشەكەیدا بەدەستهێناوە، ئەوكاتە دەزانن یان هەست بەنەزانی دەكەن كە فێربوونی ئەم زانستانەش - بەڵكو بەدەستهێنانی نمرەی زۆربەرز لەم بەشانەشدا- لەسەر هەر كەسێكی موسوڵمان (واجبێكی كیفاییە). ئەوانە نازانن كە پێشبڕكێی نێوان ئەمان و دوژمنانی ئیسلام لەم بابەتانەدا گەیشتووەتە ترۆپك، وە هەر موسوڵمانێك نییەتێكی پاكی هەبێت لە فێربوونی ئەم زانستە دنیاییانەدا و قوڵببێتەوە تیایدا، لەڕاستیدا كاتەكانی لە خواپەرستی و جیهاددا بەسەر بردووە.

كاتێك كە (پێغەمبەری خوداﷺ) نێردرا هەریەكە لە هاوەڵان كار و پیشەیەكیان هەبوو كە لەو ڕێیەوە بژێوی و ڕۆزییان دابیندەكرد، وە هەموویانی ئازادكرد لە بەردەوامبوون لەكارەكانیاندا و هەرگیز خوازیاری ئەوە نەبوو كە واز لە كارەكانیان بهێنن و تەواوی هەوڵ و

کۆششیان لە فێربوونی ئیسلام و بانگەوازی ئیسلامدا چڕبکەنەوە، مەگەر ئەوەی کە کەسێك بۆ کارێکی گرنگ و گەورە کە خۆی بیویستایە، وە ئەو کاتە لەسەری واجب دەبوو کە خۆی بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم کارە بە شێوەیەکی باش و ڕێکوپێك ئامادەبکات.

شتێك کە زۆر لەمە زیاتر من دەترسێنێت، ئارەزووە دەروونییەکانە کە لەگەڵ ئەم هەموو گۆڕانکارییانەدا دەردەکەوێت، واتە گۆڕانی شێوازی خوێندن و جیاکردنەوەی بەشەکان تەنها بۆ ئەوە بێت کە خۆیان دەربخەن و سەرۆکایەتی و پلەوپایە بەدەستبهێنن تا لە پێشی پێشەوەی کۆبوونەوەکان و دانیشتنەکاندا دابنیشن و خۆیان بە لەپێشتر و باڵاتر لەهەمووان بزانن. لەوانەشە خاوەن ئەم ئارەزووانە لە ناخی خۆیاندا، بەهیچ شێوەیەك هەستی پێنەکەن و پێی نەزانن، بەڵام لە قوڵایی دەروونیاندا جێگیربووە و ڕەگی داکوتاوە. لەم کاتەدا ناخیان پێویستی بە بەخۆداچوونەوەیەکی زۆر ورد وڕێك هەیە، چونکە دەروونی سەرکەش هەر بەشێوەیەکی سروشتی هەمیشە بە ئارەزووەکان دەورەدراوە و جوانکاری دەبەخشێتە خراپی و ناشرینییەکان و دەیان ڕازێنێتەوە و خەڵکی زۆر بەپەرۆشەوە بەرە و خراپییەکان هاندەدات.

هەروەها کۆمەڵێك ڕێی ناڕوون و پێچاوپێچ کە لە دەروونی مرۆڤدا هەیە، شەیتان بەئاسانی دەتوانێت لەوێوە بێتە ناو دەروونی مرۆڤەوە. بەم شێوەیە، کەسێك سەرکەوتووە کە لەسەر دووڕیانەکەدا بووەستێت و پێش ئەوەی هەنگاو هەڵگرێت، ئامانج و مەبەست و پێشهاتەکانی خۆی شرۆڤە بکات و لە خۆی بپرسێت:

ئایا ئەمە بۆ دنیایە یان بۆ دواڕۆژ؟! ئایا ئەمە بۆ خودایە یان بۆ خەڵك؟! تا خۆی هەڵنەخەڵەتێنێت و ڕێی ڕووناك و ئاشکرای پەروەردگاری بگرێتەبەر و تیایدا بەکۆتا بگات.

﴿وَمَن يَعْتَصِم بِٱللَّهِ فَقَدْ هُدِىَ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ١٠١﴾ (آل عمران: ١٠١).

واتە: (( هەرکەسێك پشت بە خودا ببەستێت، بێگوما ڕێنمایی کراوە بۆ ڕێگای ڕاست و دروست )).

# دووەم: ڕێی لە خوا ترسان و کەسانی میانڕەو بگرنەبەر

ئەوکاتەی تێگەشتین کە هەر زانستێك کەسی تایبەت و شارەزای خۆی دەوێت، ئەوکاتە ئامۆژگاری دواترم بۆ لاوانی موسوڵمان ئەمەیە کە:

زانستی ئاینی و شەریعەت لای زانای پشت پێبەستراو و باوەڕپێکراو وەربگرن کە (زانست) و (ترسی خودا) و (دادپەروەری)یان تیابێت و هیچ بۆشاییەك یان لێکترازانێك لە نێوانیاندا نەبێت.

پایە و بناغەی زانستی شەریعەت بریتییە لە: (الکتاب)) و (السنة)، بەڵام هەرکەسێك کە بیەوێت ئەم دووانە دەرك بکات و لێیان تێبگات، بەهیچ شێوەیەك بێنیاز نابێت لە (تەفسیری موفەسیرەکان و شەرحی شەرحکەرەکان و فیقهی فوقەهاکان)، چونکە ئەوانە کەسانێك بوون کە هەریەکەیان بەشێوەیەك خزمەتیان بەقورئان و سوننەت کردووە و ئەصڵ و فەرعیان لە شوێنی واقیعی خۆیدا جێگیرکردووە و بەسەریەکدا تێکەڵیان نەکردوون و کەلەپوور و میراتییەکی زۆرگەورە و بەنرخیان بۆ بەجێهێشتووین، کە هیچ کەسێك پێچەوانەیان نەبووە و ئینکارییانی نەکردووە، جگە لە کۆمەڵێکی لەخۆبایی و نەزان.

کەسێك کە بانگەشەکاری زانستی (قورئان) و (سوننەت)ە، لەکاتێکدا تانە و جنێو بە زانایانی ئوممەت دەدات، ناتوانێت لە وانە وتنەوەی ئایینیدا ئەم دووانە بە پارێزگاری و ڕاستی بڵێتەوە، کەسێك لە جیاتی (قورئان) و (حەدیس) سود لە کۆمەڵێك زانا و کۆمەڵێك کتێب وەردەگرێت کە سست و لاواز و پەراوێز خراون و بەڵگەی بێبنەما و بەکارنەهێنراویان تیادایە، لێکۆڵینەوە لە ئەسڵی دین و سەرچاوەی یاسا و تەشریعیان پشتگوێ خستووە و بەبێ ئەوەی سودیان لێ وەربگرن دەستبەرداریان بوون.

لە ناو زانایانی ئایینیدا، کەسانی زۆر هەن کە هەریەکەیان لە یەکێك لە لوتکەکانی فەرهەنگ و زانستی ئیسلامی وەك: ( زانستی مێژوو، فەلسەفە یان تەسەوف و ......هتد) شارەزاییان هەیە، بەڵام هیچ کاتێك سەربەخۆ خۆیان بە (قورئان و سوننەت)ەوە نە بەستووەتەوە و بەشێوەیەکی یەك لایەنە لەگەڵیاندا بەرخوردیان نەکردووە.

هەریەکێك لەم کەسانە دەبێت لە کاروباری تایبەت بەخۆیاندا خزمەت بکەن و، نابێت پشتیان پێببەسترێت بۆ فتوادان و دەرکردنی حوکم ، چونکە ئەهلی ئەم کارە نین و توانایان نییە تیایدا و نابێت زانستی شەریعەتیان لیَ وەربگیرێت.

به هەمان شێوە لە نێوانیاندا کەسانێك هەن کە بەشێوەیەکی هونەری و ئەدەبی، بانگەواز و بانگەشە و وتار بە باشی و ڕوونی و تواناداریەوە دەڵێن و، توانایان هەیە کە قسەکانیان بگەیەنن بە گوێی گوێگران و کاریگەرییان هەبێت لەسەریان و تەنانەت دڵی هەندێکیان بهێننە لەرزە و تەکانی پێبدەن، بەڵام لێرەدا نابێت هەڵە بکرێت، چونکە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەمانە ئەهلی زانست و لێکۆڵینەوەبن و ئەوەی کە دەیڵێن لە ڕووی لێکۆڵینەوەوە دەیڵێن و شتێکی ڕاست و جێگیر باس دەکەن و دەیخەنەڕوو، بەڵکو زیاتر ئەوە دەڵێن کە قسەی تێکئالاوە لە خراپ و چاك، بێسود و بەسود، دروست و نادروست، سەرچاوەدار و هەڵبەستراو، خورافە و حەقیقەت و ......هتد، وە زۆربەی ئەم بابەتانە، لایان تێکئالاوە و ناڕاستە و بەم شێوەیە، بە بیَ زانست و زانیاری و وریایی فتوادەدەن و خەڵك گومڕادەکەن و خۆشیان گومڕادەبن و لەئەنجامدا بەم کارانەیان، پلە و پایەکان بەسەریەکدا تێکەڵ دەکەن، بەجۆرێك کە بچوك گەورە و گەورە بچوك دەکەن و سادە ئاڵۆز و ئاڵۆز سادە دەکەن، وە ئەو گوێگرانەی کە دەکەونە ژێر کاریگەری قسەکانیانەوە، بە ڕەوشتی جوانیان و سیحر و سەرنجڕاکێشی وتەکانیان باوەڕدەکەن و دەڵێن:

وتار و بیروبۆچوونەکانی چ پاك و جوانە!! چەند باشە قسەکانی با تۆماریان بکەین و گوێیان لیَ بگرینەوە و لەبەریان بکەین!!

هەڵبەتە وتار و ئامۆژگاری خۆی بۆ خۆی هونەرێکە و فیقه و لێکۆڵینەوەش هونەرێکی ترە و ئەمەش لای کەس شاراوە نییە، بەڵام ئەمە هەرگیز دروست نیە کە ئەگەر کەسێك بتوانێت یەکێکیان بە سەرنجڕاکێشییەوە ئەنجامبدات، لە بەرامبەردا ئەوی تریشیان بە هەمان شێوە و بەباشی ئەنجامدەدات!

به هەمان شێوە زانستی هیچ زانایەك وەرناگیرێت هەتا ئەوەی کە لەگەڵ کردارەکانیدا هاوتا دەبێت... وە بەدەستەواژەیەکیتر: هەرکەسێك کە بانگەشەی زاناییبوون دەکات، دەبێت (زانست) و (کردار) پێکەوە تیایدا کۆبووبنەوە. ئەمە هەر ئەو شتەیە کە ئێمە پێی دەڵێین (ورع) و (تقوی). تەقوایەك کە بنچینەکەی ترسە لە خودای پەروەردگار، وە ئەم ترسەش دەبێت بە بەرهەمی زانستی ڕاستەقینە و دروست:

﴿إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْۗ﴾ **(فاطر:٢٨)**.

**واتە: (( بەڕاستی تەنها بەندە زاناكان لەخودا دەترسن – ترسێك كە لە ئەنجامی ناسین و بەگەورە زانینەوە پەیدابووە – )).**

**ئەمە ئەو ترسەیە كە وا لە زانا دەكات ئاگای لە وتە و قسەكانی بێت و بەبێ زانست نەیانداتە پاڵ خودا، وای لێدەكات ئاگاداری خۆی بێت و ناهێڵێت زانستەكەی لە خزمەتی سیستم و دەسەڵاتێكی تردا – جگە لە سیستمی ئیسلامی و دەسەڵاتی ئیلاهی – چەق ببەستێت و ئایینەكەی بە دنیا بفرۆشێت!**

**سێیەمین سیفەتێك كە دەبێت لەم سەردەمەدا لەناخی ئەو كەسەدا هەبێت كە زانست و زانیاری لێوە وەردەگیرێت و لە تەنیشت ئەو دوو سیفەتەكەی ترەوە جێگیرببێت، سیفەتی (دادپەروەری و میانڕەوی)یە. ئەم سێ سیفەتە سیفەتانێكن كە تایبەتن بە ئایینی ئیسلامەوە و ئایینەكانیتر نییانە. ئێمە لەم سەردەمەدا دوو دەستەی دژبەیەكمان هەیە و لە دوو خاڵی پێچەوانەی یەكترییەوە جێگیربوون و زانست و زانیاریش دراوەتە پاڵیان، كە ئەمانەن: یەكەمیان ((إفراط))یەكان و دووەمیان ((تفریط))یەكان، یان ((غلوكەران)) و ((كەنارگیران))، هەروەك ((حەسەنی بەصری)) وتوویەتی: ((ئەم ئاینە لە نێوان ((غلوكەران)) و ((كەنارگیران))دا لەناودەچێت و تەنیا دەكەوێت! )).**

**لەناو ئەمانەدا كەسانێك دەبینین كە تاڕادەیەك ڕۆدەچن كە هەموو شتێك لە مرۆڤ حەرام دەكەن، وە لە بەرامبەردا كەسانێك دەبینین كە هەموو شتێك بە موباح دادەنێن!**

**وە لە ناویشیاندا دیسانەوە كەسانێكیتر دەبینین كە بە هەموو شێوازێك دەرگای (اجتهاد) دادەخەن و شوێنكەوتەییكردنی مەزهەبەكان بە واجب دادەنێن، وە لە شوێنێكی تریشەوە ڕووبەڕووی كەسانێكیتر دەبینەوە كە تانە لە هەموو مەزهەبەكان دەدەن و ئیجتیهادەكانیان دەكێشن بە تەنگەی دیوارێكدا!**

**هەروەهاش لەنێوانیاندا كەسانێك دەبینین كە تەنها دەست بە ڕووكاری دەرەوەی دەقەوە دەگرن، بەبێ ئەوەی مەبەست و ئاستی ئەو دەقە لەبەرچاو بگرن و ڕێساكانی ڕەچاوبكەن، وە لە بەرامبەریانەوە تەئویلكەرانێك دەبینین كە ئەمدەست و ئەودەست بە دەقەكان دەكەن و هەویری نەرم و شێوەی جوان جوانیان لێ دروستدەكەن و بە هەرجۆرێك كە بیانەوێت مانا و بیروبۆچوونیان لێ دەردەهێنن!**

بەڵام دەستەی ڕێکوپێك و جێی دڵنیایی، ئەو دەستەیەن کە مامناوەند و دادگەرن، دەستەیەکن کە جیاوازی ناکەن لە نێوان عەقڵێك کە ساغ و زانابێت و دڵێك کە دامەزراو و لە خودا ترس بێت و لە نێوان واجبی دیاریکراو و ڕووداو و واقیعی ژیاندا سازگارییان بەرقەرا کردووە و هەموویان بەشێوەیەکی دروست پێکەوە کۆکردووەتەوە، وە لەنێوان ئارەزووەکانی تاك و ڕەنج و مەینەتییەکانی کۆمەڵگەدا پێداچوونەوە دەکەن و قەڵەمڕەوی حەزەکانیان بەشێوەیەکی زۆرباش ئەزانن تا کوێیە بە بەرامبەر لەگەڵ فراوانی و سنورەکانی ئەحکام و پێویستییەکانیدا و، نەرمی نواندن و ئاسانگیری وایان لێناکات کە ڕێپێدراو و ڕێپێنەدراو لە نێوان حەڵاڵ و حەرامدا پشتگوێ بخەن. بە هەمان شێوە قایمکاری و خۆپاراستن بەرەو توندڕەوی و توندوتیژییان نابات لە بەرامبەر بەندەکانی خوادا.

خودا، پێشەوای حەدیس و فیقه و تەقوا ((سفيان الثوري)) بە ڕەحمەت کات، ئەو کاتەی وتی: (( ئەو زانستەی کە ئاسانگیر و ئاسانکەرە، تەنها ئەهلی ((ثقة)) دەیزانن، چونکە هەموو کەس زانستی توندوتیژی و توندڕەوی بەچاکی و باشی فێردەبن!!)).

## سێیەم: ئاسانگیر بن و توندڕەو مەبن

ئامۆژگاری دواترم بۆ ئەم لاوانە ئەمەیە کە:

خۆتان لە توندڕەوی و زیادەڕەویی بپارێزن، بەتایبەتی لەگەڵ خەڵکی گشتیدا لایەنی ئاسانگیری و میانڕەوی بگرنەبەر، ئەوانەی کە ناتوانن وەك تایبەتەکان – واتە: ئەهلی (ورع) و (تقوى) – بن.

چ گرفت و کێشەیەکی تیایە کە ئەگەر کەسێکی موسوڵمان لەبابەتێکدا یان لەهەموو بابەتەکاندا، ڕێگایەك بگرێتەبەر کە لەلایەنی یەدەك(احتياط)ەوە نزیکتربێت و لەعەیبە و نوقسانی بەدووربێت. هەڵبەتە نابێت بەجۆرێك بێت کە هەمیشە ڕێی ئاسانەکە تەرك بکات و یەدەکەکە بگرێتەبەر، چونکە لەم کاتەدا ئاین دەبێتە (کۆمەڵەیەك لە یەدەك –مجموعة من

**الإحطياتات-) كه جگه لەتوندوتیژی و توندڕەوی هیچ بەرهەمێکی تری نابێت، لەکاتێکدا خودای پەروەردگار بۆ بەندەکانی، هەمیشه ئاسایش و خۆشحاڵی دەوێت.**

**هەرکەس سەیرێکی دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەت و ڕێنماییەکانی پێغەمبەرﷺ و هاوەڵان بکات، ئەوانە پەیوەست بکات بە بانگەوازەوە، وە بە ئاسانگیرییەوە بەرەنگاری فشار و تەنگییەکان ببێتەوە، ئەوکاتە تێدەگات کە ئەوان هیچ کاتێك کێشە و ناڕەحەتی و توند و تیژی و توندڕەوییان بۆ بەندەکانی خودا نەویستووە.**

**لەم بارەیەوە لە قورئانی پیرۆزدا ئەم ئایەتانەمان بەسە، کە لە دوای ئایەتەکانی (ڕۆژوو)ەوە دەفەرموێت:**

﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلۡيُسۡرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلۡعُسۡرَ﴾ **(البقرة: ١٨٥)**.

**واتە: (( خودای پەروەردگار ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت و سەختی و ناڕەحەتی بۆتان ناوێت)).**

**وە لە ئایەتەکانی (پاکوخاوێنی) و (دەستنوێژ)دا دەفەرموێت:**

﴿ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجۡعَلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ حَرَجٍ﴾ **(المائدة: ٦)**.

**واتە: ((پەروەردگار نایەوێت بتانخاتە ناو تەنگ و چەڵمە و قورسی و گرانییەوە)).**

**وە بەدوای ئایەتەکانی (مارەبڕین)دا دەفەرموێت:**

﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمۡۚ وَخُلِقَ ٱلۡإِنسَٰنُ ضَعِيفًا ﴿٢٨﴾ ﴾ **(النساء : ٢٨)**.

**واتە: (( پەروەردگار دەیەوێت(بە دانانی یاسای سادە و ئاسان) کارەکەتان بۆ ئاسان بکات(چونکە دەزانێت مرۆڤ بەرامبەر بە غەریزە و ئارەزووەکانی بێتوانایە)، وە مرۆڤ بە لاوازی بەدیهێنراوە )).**

**وە لە ئایاتی (تۆڵەسەندنەوە – قصاص -)دا، لەپاش ڕوخسەتدان بە لێبوردەیی و ڕێککەوتن و ئارامی دەفەرموێت:**

﴿ ذَٰلِكَ تَخۡفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمۡ وَرَحۡمَةٌۗ﴾ **(البقرة: ١٧٨)**.

**واتە: (( ئەمە ئاسانکاری و ڕەحمەتێکە لەلایەن پەروەردگارتانەوە )).**

**لە سوننەتیشدا هەر ئەم بڕە فەرمودانەمان بەسە کە:**

**((ابن عباس ﵁)) لە ((پێغەمبەر ﷺ))ەوە دەگێڕێتەوە: ((ئاگادارتان ئەکەمەوە لە (غلو)کردن لە ئایینی خوادا، لەڕاستیدا کەسانێك کە لەپێش ئێوەوە بوون، بەهۆی (غلو)کردنەوە لەناوچوون)).**

**((ابن مسعود ﵁)) ڕیوایەتی کردووە کە ((پێغەمبەر ﷺ)) فەرمویەتی: ((توندڕەوان و ئاژاوەگێڕان لەناوچوون، وە ئەمەی سێ جار وتەوە )). ئەمە هەموو توندڕەوەکان دەگرێتەوە جا ئەو توندڕەوییە چ لەگوفتار و کرداردا بێت یان لەبیروبۆچووندا بێت.**

**وە ((ابو هریرة ﵁)) گێڕاویەتەوە کە: ((کابرایەکی عەرەبی دەشتەکی لە مزگەوتدا پیسایی کرد، خەڵکەکە بەرەوڕووی بوونەوە و بەگژیداچوون و وتەی نابەجێیان پێوت، بەڵام (پێغەمبەری خوا ﷺ) فەرموی: وازی لێ بهێنن! سەتڵێکی پڕ لەئاو بکەن بەشوێنی پیساییەکەدا، بەڕاستی خودا ئێوەی ناردووە تا ئاسانگیربن، هەرگیز بۆ توندڕەوی هەڵینەبژاردون)).**

**وە هەر لە ڕێنماییەکانییەوەیە کە: (هەرکاتێك لە نێوان دوو کاردا بیویستایە بڕیاربدات، ئەوەیانی هەڵدەبژارد کە ئاسانترین بوو، بەو مەرجەی کە گوناهی تێدا نەبێت)).**

**وە کاتێك کە (( معاذ ﵁)) هەڵبژێردرابوو بۆ پێشنوێژی دەستەیەك لەموسوڵمانان و لەنوێژەکەیدا درێژەیدا بە قورئان خوێندن، (( پێغەمبەر ﷺ)) پێی فەرموو:**

**(( ئایا بەدوای فیتنەدا دەگەڕێی و دەتەوێت خەڵکی بخەیتە ناو فیتنەوە، ئەی (معاذ)؟!))....**
**وە ئەمەی سێجار وەتەوە. ئەمە بەمانای ئەوە دێت کە توندگیری بەرامبەر بە خەڵکی و داوا لێکردنیان بۆ توندگیری بە بەردەوامی، بەرامبەرە بەوەی کە بیانخەیتە ناو فیتنەوە.**

**کاتێك کە ڕێگەدراوە بە مرۆڤ کە بۆ نەفسی خۆی و بۆ هەڵبژاردنی ڕێگەی کامڵتر و پارێزراوتر توندگیربێت، نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی ئەو بەرامبەر بە کۆمەڵی خەڵکیش توندگیربێت، چونکە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە و هەڵهاتنیان لەئایینی خودا، لەکاتێکدا کە هیچ چاوەڕوانی شتی وا نەبووە. هەر لەبەرئەمە بوو کە ((پێغەمبەری خودا ﷺ)) کاتێك بۆ خۆی بە تەنیا نوێژی دەکرد لەهەموو کەس زیاتر درێژەی پێدەدا، بەڵام کاتێك کە پێش نوێژی بۆ خەڵك دەکرد، لەهەموویان زیاتر ئاسانکاری دەکرد و زۆر بەزوویی نوێژی بۆ تەواودەکردن، وە لەم بارەیەوە دەفەرموێت:**

((هەركاتێك كەسێك لە ئێوە بۆ خەڵكی نوێژ بكات، پێویستە ئاسانكاری بكات و درێژەی پێنەدات، چونكە لە نێوانیاندا كەسانی پیر و كەم توانا و كەمئەندام هەن، بەڵام كاتێك بۆ خۆی نوێژ دەكات، هەرچەند حەزدەكات با درێژەی پێبدات)).

وە لە(( ابي قتادةﷺ))ەوە ڕیوایەتكراوە كە ((پێغەمبەرﷺ)) فەرمویەتی: ((من وەساتابووم بۆ ئەوەی نوێژ دابەستم و بە تەماش بووم درێژەی پێبدەم، بەڵام گوێم لەگریانی منداڵێك بوو، لەبەرئەوە ئاسانكاریم كرد و درێژەم پێنەدا و خۆم لێی بوارد، چونكە باش نییە كە دایكی توشی ناڕەحەتی و مەینەت ببێت)).

((مسلم)) لە سەحیحەكەیدا وێنەیەكی تری ئەم ئاسانكارییەی دەخاتەڕوو: ((ئەو یەك سورەتی كورتی خوێند)).

وە لە (( عائشەوە خوای لیّ ڕازی بێت) ڕیوایەتكراوە كە: ((پێغەمبەرﷺ لەڕووی سۆز و میهرەبانییەوە ڕێگریكرد لەهاوەڵان لەوەی كە زۆر نوێژی سوننەت بەسەریەكەوە و بەدوای یەكدا بكەن واتە (وصال) بكەن، وتیان: بەڵام ئەی خۆت، خۆ خۆت (وصال) ئەكەیت! فەرموی: من وەك ئێوە نیم، بەڕاستی پەروەردگارم شەوانە خواردن و خواردنەوەم پێدەدات )).

ئەگەر بڕیار وابێت كە ئاسانگیری لەهەموو سەردەمێكدا خوازراوبێت، ئەوا بەڕاستی لەم سەردەمەی ئێمەدا زیاتر پێویست و گونجاوترە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی سستی لەئایین و لاوازی باوەڕ و دڵنیایی و زاڵبوونی ژیانی ماددی بەسەر خەڵكیدا و بینینی و هەست پێكردنی لەناو خەڵكیدا، كەواتە لەئێستادا زۆر گونجاوترە... هەرچی بەڵا و گرفتارییەك كە هەیە و ئێستا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، بەهۆی تاوان و خراپەكاری زۆرەوەیە و هەروەك یاسایەكی لێهاتووە بۆ ژیان كە هەرشتێك پێچەوانەی بێت، بە شاز و لە یاسا دەرچوو دا دەنرێت، تا ئەو جێیەی كە وایلێهاتووە ئەو كەسەی كە دەستی بە ئایینەكەیەوە گرتووە، وەك ئەوە وایە ئاگری پریشكدار و سوتێنەری بەدەستەوە گرتبێت! هەموو ئەمانە داخوازی لێبوردەیی و ئاسانگیرین، وە دەبێت خۆمان لەتوندوتیژی و توندڕەوی زیاد بپارێزین. هەر لەم بارەیەوە فوقەها لەسەر ئەوەن كە :

((سەختی و ناڕەحەتی، ئاسانكاری بە دواوەیە. لەسەردەمێكدا كە كاروبار دژوار و بەرتەسك دەبێتەوە، كرانەوە و ئاسایشی بە دواوەیە، وە هەموو بەڵاكان دەبنە هۆی ئاسانكاری و نەرم و نیانی)).

## چوارەم: بەشێوەیەکی جوان و دانایانە بانگەواز بکەن

**هەم دیسان ئامۆژگاری ئەم گەنجە بڕوادارانە دەکەم کە:**

**هەر بەو جۆر و شێوازە هەڵسوکەوت بکەن کە قورئانی پیرۆز بانگەوازی بۆ ڕێگای خودا و گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرپێچیکاراندا وێناکردووە،. ئەم شێوازە لە سورەتی (النحل)دا بەشێوەی قسەکردن لەگەڵ (پێغەمبەرﷺ) هاتووە تا ئێمەیش لەدوای ئەو ڕێنمایی لەم هیدایەتە وەربگرین:**

﴿ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ﴾ **(النحل: ١٢٥).**

**واتە: ((ئەی (پێغەمبەرﷺ) خەڵکی بە دانایی و بەشێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش بانگ بکە بۆ ڕێی پەروەردگارت، وە هەتا ئەتوانی بەباشترین شێوەی هەڵسوکەوت گفتوگۆیان لەگەڵ بکە !)).**

**بە وردبوونەوە لەم ئایەتە پیرۆزە ئەوەمان بۆ ڕۆشندەبێتەوە کە تەنها داخوازی جوان مامەڵەکردن، هەر بۆکاتی گفتوگۆکردن نییە، بەڵکو فەرماندراوە بەو شێوەیەی کە باشترین و جوانترینە هەڵسوکەوت و گفتوگۆ بکەن. لەڕاستیدا لێرەدا دوو شێواز بۆ گفتوگۆکردن باسکراوە کە یەکێکیان (باش) و ئەوی تریان (باشترین) لەویانە، کە پێویستە لەسەر مرۆڤی موسوڵمان بەو شێوەیەی کە باشترینە گفتوگۆ بکات، چونکە ئەم شێوازە کەمەندکێش کەری دڵەبێزار و هەڵهاتووەکانە و نزیککەرەوەی ئەو ناخانەیە کە لەیەکتر دوورکەوتوونەتەوە و مەودا کەوتووەتە نێوانیانەوە.**

**لەو بابەتانەی کە (باشترین)ە، دەتوانرێت باس لەچەند پێکەوە گونجانێکی بیروبۆچوونی هەردوو لایەنی گفتوگۆکەری بەرانبەر بەیەك بکرێت، وە لەم کاتەدا ئەو بابەتان بخربێتەلاوە کە**

**جیاوازییان تیادایە – هەر بەو شێوەیەی کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێداوە– لەسەری رێك بکەون:**

﴿وَلَا تُجَٰدِلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡۖ وَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَأُنزِلَ إِلَيۡكُمۡ وَإِلَٰهُنَا وَإِلَٰهُكُمۡ وَٰحِدٞ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ٤٦﴾ **(العنكبوت: ٤٦).**

**واتە: ((لەگەڵ ئەهلی کیتابدا جگە لەو شێوازەی کە باشترینە، بەهیچ شێوەیەکی تر گفتوگۆ مەکەن، مەگەر لەگەڵ کەسانێکدا کە ستەمەیان کردووە (کە لەسنوری ڕێکوپێکی گفتوگۆ دەردەچن)، وە پێیان بڵێن: ئێمە باوەڕمان بەتەواوی هەموو ئەو شتانە هەیە کە لەلایەن پەروەردگارەوە بۆ ئێمە و بۆ ئێوەش دابەزییوە. پەروەردگاری ئێمە و پەروەردگاری ئێوەش یەکێکە، وە ئێمە تەنها خۆمان داوەتە دەست ئەو و تەنها فەرمانی ئەو جێبەجێ دەکەین)).**

**بەڵام لەبارەی جیاوازییەوە، بڕیارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگار لەڕۆژی دواییدا و لەو ڕۆژەدا ئەنجام وەردەگیرێتەوە:**

﴿وَإِن جَٰدَلُوكَ فَقُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا تَعۡمَلُونَ ٦٨ ٱللَّهُ يَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فِيمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ٦٩﴾ **(الحج: ٦٨ – ٦٩ ).**

**واتە: ((ئەگەر کێشمەکێشی گفتوگۆیان لەگەڵ کردیت، ئەوا (لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا قسەمەکە) بڵێ: پەرەوەردگار لەهەموو کەس بەئاگاترە لەو کارانەی کە دەیکەن. پەروەردگار لەرۆژی ڕەستاخێزدا لەنێوانتاندا دادوەری دەکات لەبارەی ئەو شتانەوەی کە جیاوازیتان هەیە تیایدا)).**

**باشە کە ئەمە شێوەی گفتوگۆی موسوڵمان لەگەڵ ناموسوڵماندا بێت، ئەی گفتوگۆی موسوڵمان لەگەڵ موسوڵمان کە هەردووکیان هەمان بیروباوەڕیان هەیە و برای ئایینین، دەبێت بە چ شێوەیەك بێت؟!.**

**هەندێك لە برایان، لەنێوان ڕاشکاوی وتنی ڕاستی و توندوتیژی گوفتاریدا دووانەکی (تێکەڵ کردن) دەکەن و بەشێوەیەکی توند و زبر قسەدەکەن، کە لەنێوان ئەم دووانەدا هیچ هاوگونجاوییەك بەدیناکرێت. لەڕاستیدا کەسی بانگەوازکەر و دانا و شارەزا، کەسێکە کە**

کەسانی تر بە نەرم و نیانترین شێوە و سەرنجڕاکێشترین وتە و گوفتار بانگ دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە زیادەڕەوییەك لەقسەکانیدا بکات.

دوای بینینێکی واقیعییانە بۆمان دەردەکەوێت کە: کە شێوازی توند و زبر و توندڕەوییانە، مانای جوانترین و باشترینی ئەم بابەتەمان لەناودەبات، وە لەم بارەیەشەوە لەفەرمودەدا هاتووە:

((ئەو کەسەی کە فەرمان بە چاکە دەکات، دەبێت شێوەی فەرمانکردنەکەی بەشێوەیەکی چاك بێت)).

(امام غزالی) لە بابەتی (( الأمر بالمعروف و النهي عن المنكر)دا لە کتێبی (إحياء العلوم الدين)دا دەڵێت: ((فەرمان بەچاکە و بەرگری لەخراپە ناکرێت، مەگەر بەشێوەیەك ئەو کەسەی کە فەرمان و بەرگرییەکە دەکات، دڵسۆز و میهرەبان، نەرم و نیان و ئاسانگیر، وە ئارامگر و شارەزا و دانا بێت)).

نمونەیتر کە لەم بارەیەوە دەیخاتەڕوو، ئەمەیە کە دەڵێت: (( پیاوێك هاتە ناو کۆڕی دانیشتنی خەلیفە (مەئمون)ەوە و فەرمان بە چاکە و بەرگری لە خراپەی بە (مەئمون) کرد و قسەی ناشیاوی پێوت و بەشێوەیەکی توند و زبر قسەی کرد، هیچ لە پلەوپایەی خۆی نەترسا کە بۆ هەر شوێن و پلەوپایەیەك قسەی گونجاو و تایبەتی خۆی هەیە و دەبێت بەو شێوەیە قسە بکرێت. بەڵام لەبەرئەوەی کە (مەئمون) کەسێکی فەقیه و دانا بوو، وتی: ئەی پیاو! کەمێك بە نەرم و نیانی و لێبووردەییەوە قسەبکە! لەڕاستیدا پەروەردگار کەسێکی نارد کە لەتۆ باشتربوو، بۆ لای کەسێك کە لەمن خراپتر و دڕندەتربوو، بەڵام پێی فەرموو کە لەگەڵیدا بەشێوەیەکی هێمن و نەرم و نیان قسەبکات. (موسا و هارون) هەردووك کە لە تۆ باشتربوون ڕۆشتن بۆلای (فیرعەون) کە ئەویش لەمن خراپتربوو و هەر بەو جۆرەی کە پەروەردگار فەرمانی پێدابوون هەڵسوکەوتیان کرد:

﴿ٱذۡهَبَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿٤٣﴾ فَقُولَا لَهُۥ قَوۡلٗا لَّيِّنٗا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوۡ يَخۡشَىٰ ﴿٤٤﴾﴾ (طه: ٤٣ – ٤٤).

واتە: ((بڕۆن بۆلای (فیرعەون) کە بەڕاستی ملهوڕی کردووە، وە پاشان بە نەرم و نیانی قسەی لەگەڵ بکەن، بەڵکو بیربکاتەوە و ترس بیگرێت )).

**هەر بەم شێوەیە (مەئمون) بە بەڵگە ڕۆشنەکانییەوە ڕووبەڕووی ئەو پیاوە و قسە زبرەکانی بوویەوە و سەرکەوت بەسەریدا و پیاوەکەش لەبەرامبەریدا هیچ وەڵامێکی نەبوو. هەر لەو شتانەیتر کە پەروەردگار بە (موسا عليه السلام)ی وتووە، ئەمە بووە کە بانگەوازەکەی لەڕووی (فیرعەون)دا بەم گوفتارە نەرم و نیان و جوانانەوە دەست پێبکات:**

﴿فَقُلۡ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ وَأَهۡدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخۡشَىٰ ﴿١٩﴾﴾ **(النّازعات: ١٨ – ١٩).**

**واتە: ((دەی بڵێ: ئایا ئارەزوو دەکەیت (لەوەی کە ئێستا تیایدایت) ڕزگارت ببێت و پاك ببیتەوە و ڕێت نیشانبدەم بۆلای پەروەردگارت بۆ ئەوەی زیاتر (لە خودا) بترسیت؟!)).**

**هەرکەسێك ئاگاداری گفتوگۆی نێوان (موسا عليه السلام) و (فیرعەون) بێت، کە لەقورئاندا باسکراوە، تێدەگات کە (موسا عليه السلام) ڕاسپاردەکەی بەباشی پاراست و ڕەچاوکرد و بەتەواوی ڕێکوپێکییەوە گەیاندی، سەرەڕای خۆبەزلزانی و ملهوڕی (فیرعەون) و هێرش و چاوترسێنییەکانی. وە هەروەها ئەم بەسەرهاتە لەسورەتی (الشعرا )یشدا باسکراوە.**

**وە هەرکەسێك کە بیەوێت لەم بارەیەوە لەژیاننامەی پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم و سوننەتدا زیاتر فێرببێت، ئەوا دەبێت ڕێنماییەکانی (پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم) ڕەچاوبکات: ((ئاسانکاری و میهرەبانی پێچەوانەی توندوتیژی و زبرییە، وە سۆز و ڕەحمەت لەگەڵ ڕق و دڵڕەقیدا جیاوازییان هەیە، وە نەرم و نیانی و لێبوردەیی لەژێر باری توندوتیژی و زەبروزۆردا ناچێت بەڕێوە!)).**

**بەڵێ، چۆن و بۆچی ئا بە و جۆرە نەبێت! کاتێك کە پەروەردگار بەم شێوەیە پەسنی دەکات و دەفەرموێت:**

﴿لَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ عَزِيزٌ عَلَيۡهِ مَا عَنِتُّمۡ حَرِيصٌ عَلَيۡكُم بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ ﴿١٢٨﴾﴾ **(التوبة: ١٢٨).**

**واتە: ((بێگومان پێغەمبەرێك لە خۆتان بۆتان نێردراوە کە هەرجۆرە دەرد و مەینەت و بەڵایەکتان پێبگات، زۆر پێی ناڕەحەت و دڵگران دەبێت، خۆشتانی دەوێت و پێداگرە لەسەر ئەوەی هیدایەت وەربگرن، وە بەرامبەر بە بڕوادارانیش سۆز و خۆشەویستییەکی فراوان و میهرەبانییەکی زۆرزیادی هەیە)).**

وه سیمای پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوەڵانیدا بەم شێوەیە وێنەدەکات بۆمان، کە دەفەرموێت:

﴿فَبِمَا رَحۡمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمۡۖ وَلَوۡ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلۡقَلۡبِ لَٱنفَضُّواْ مِنۡ حَوۡلِكَۖ﴾ (آل عمران: ١٥٩).

واتە: ((لە سۆزومیهرەبانی پەروەردگارتەوەیە کە تۆ ئاوا لەگەڵیاندا نەرم و نیانی دەنوێنی، ئەگەر ڕووگرژ و مۆن و دڵ ڕەق بووبایت، ئەوا چواردەورتیان چۆڵ دەکرد و لێت هەڵدەهاتن)).

کابرایەکی یەهودی لە سڵاوکردن لە(پێغەمبەرﷺ)دا زمان درێژی دەکرد و لەجیاتی (السلام علیکم – سڵاوتان لێ بێت –)دا دەیگوت: (السام علیکم – مردن بۆ ئێوە بێت –). لەم کاتەدا (عائیشە خوای لێ ڕازی بێت) توڕەبوو و وەك خۆی وەڵامی دایەوە، بەڵام (پێغەمبەرﷺ) لە وەڵامیدا وشەی (السلام)ی نەوت و تەنها فەرمووی: (و علیکم! – لە خۆشتان بێت! –). پاشان بە (عائشە خوای لێ ڕزیبێت)ی فەرموو: ((پەروەردگار لێبوردەیی و نەرم و نیانی لەهەموو کارێکدا پێخۆشە ))، واتە پەروەردگار لەکاری ئایین و دنیاشدا، چ لەگوتار و چ لەڕەوتاردا، نەرم و نیانی و بەسۆزی پێخۆشە.

وە هەر لە (عائشە خوای لێ ڕازیبێت)ەوە ڕیوایەتکراوە کە (پێغەمبەرﷺ) فەرمویەتی: ((لێبوردەیی و نەرم و نیانی لەهەرشتێکدا هەبێت، جوانکاری و سەرنجڕاکێشی پێدەبەخشێت، وە ئەگەر لەهەرشتێکیش جیاببێتەوە، ناشرین و ناتەواو و تانەداری دەکات)). لەبەرئەوەی نەرم و نیانی و هەڵسوکەتی جوان بەم گشتگیرێتیە هاتووە، ئەوا هەموو شتێك دەگرێتەوە.

وە لە(جریر بن عبداللهرضي الله عنه)یشەوە ڕیوایەتکراوە کە: ((لەپێغەمبەرﷺم بیست کە دەیفەرموو: هەرکەس لێبوردەیی و بەزەیی و نەرم و نیانی حەرام بکات، ئەوە تەواوی چاکی و جوانییەکانی حەرام کردووە!)).

دەی دەبێت چ سزا و تۆڵەیەکی توندی هەبێت ئەو کەسەی کە بە حەرامکردنی چاکەیەك، هەموو چاکەکان حەرام بکات!!.

من بەم ئەندازەیە کۆتایی پێ دەهێنم، چونکە بۆ بڕوا پێکردنی ڕۆڵەکانم – ئەو کەسانەی کە ڕێی توندڕەوی و زبرییان گرتووەتەبەر – هەر ئەمەندە بەباش دەزانم، تا لەڕێگا و شێوازی زبرەوە، بەرەو ڕێگا و شێوازی دانایی و گوفتاری جوان و خۆڕاگرانە بێن..

# چەند خاڵێك لە بارەی ڕەوشتی بانگەوازکردن و گفتوگۆکردنەوە

**حەز دەکەم لێرەدا چەند خاڵێك لە بارەی ڕەوشتی بانگەوازکردن و گفتوگۆکردنەوە بەهۆی ئەو گرنگییە فەرهەنگییەی کە هەیەتی باس بکەم، لەوانە:**

**یەکەم: پێویستە ڕێزی باوکایەتی و دایکایەتی لە کەسانی گەورەتر بگیرێت و لەبەرچاویان بێت، وە ڕێگەپێدراو نییە کە لەگەڵ دایکان و باوکاندا بەجۆرێك هەڵسوکەوت بکەین وەك چۆن لەگەڵ هاوڕێیاندا هەڵسوکەوت دەکەین، وە بەبیانووی ئەوەی کە تاوانبار و سەرپێچیکار و بیدعەچی و لەڕێ دەرچوون، بە توندوتیژی و زبری هەڵسوکەوتیان بەرامبەر بکەین و لەڕوویاندا بوەستینەوە. ئەم کارانە بەهیچ شێوەیەك نابێتە هۆی ئەوەی کە مافیان پێشێل بکەین- بەتایبەتی مافی دایك و باوك- و نابنە هۆکار بۆئەوەی کە نەرم و نیان نەبین لەگەڵیاندا:**

﴿وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشۡرِكَ بِي مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٞ فَلَا تُطِعۡهُمَاۖ وَصَاحِبۡهُمَا فِي ٱلدُّنۡيَا مَعۡرُوفٗاۖ﴾ **(لقمان: ١٥).**

**واتە: ((هەرکاتێك دایك و باوکت، هەوڵ و کۆششیاندا بۆ ئەوەی هاوتام بۆ بڕیاربدەیت، کە بە کەمترین شێوەش زانیاریت لەبارەیەوە نییە، ئەوا گوێڕایەڵییان مەکە لەمەدا، (بەڵام لە هەمان کاتدا) هەمیشە لەم دنیادا لەگەڵیاندا بەشێوەیەکی شایستە و باش مامەڵە بکە )).**

**لەم ئایەتەدا باسی تاوانێکی گەورەتر لە هاوەڵدانان بۆ پەروەردگار هاتووە، کە هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی مرۆڤی باوەڕدارە بۆ ناو هاوەڵدانان بۆ پەروەردگار و لەڕێدەرچوون، ئەم تاوانە هەرچەند لەلایەن دایك و باوکەوە بێت و ئەم دووانە تاوانی لە هاوەڵدانان گەورەتریش ئەنجام بدەن باوك و دایکێتییەکەیان نابێتە هۆی ئەوەی کە لەم تاوانانەدا گوێڕایەڵییان بکرێت و تەنها لەم کاتەدایە کە ڕێگری دەکات لە گوێڕایەڵی کردنیان، بەڵام هەر لە هەمان کاتدا فەرمان دەکات بە چاکە و جوان هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیاندا و ئەوە دەخاتەڕوو کە تاوانەکانیان هەرچەندە گەورەبێت، نابێتە هۆی ئەوەی کە مافی دایکایەتی و باوکایەتییان ڕەچاونەکرێت. پەروەردگار**

مرۆڤ دووردەخاتەوە لەگوێڕیەڵیکردنی دایك و باوكیدا لەم بابەتی هاوەڵ بڕیاردانەدا، بەڵام فەرمان دەكات بە هاوەڵێتی كردنیان و جوان هەڵسوكەوتكردن لەگەڵیاندا بەشێوەیەكی شایستە و پەسەند.

هەركەس گفتوگۆ و وتووێژی (إبراهیم عليه السلام) لەگەڵ باوكیدا لەقورئانی پیرۆزدا لەسورەتی (مریم)دا بخوێنێتەوە، دەبینێت كەچۆن ڕەوشتی منداڵان لەگەڵ دایك و باوكیاندا دەخاتەڕوو، با هاوەڵدانەریشبن بۆ پەروەردگار و بانگەواز بۆ هاوەڵدانان بكەن.

باشە ئەگەر باوك و دایك موسوڵمان بن، وە ئەگەر نافەرمانی پەروەردگاریان كردبێت وهەڵە بكەن، ئەی مافی ئەمان چۆن دەبێت؟!

دووەم: مافی تەمەن، وە گەورەیی و بچوكی ئەو كەسە ڕەچاوبكەن و ڕێزی لێبگرن، وە نابێت لە نێوان ئەم و ئەودا جیاوازی بكەن.. جوان نییە كە لەگەڵ گەورەدا هەوەك بچوك قسە بكەیت و لەگەڵ بەتەمەنەكاندا هەروەك گەنجان هەڵسوكەوت بكەیت، بەبیانووی ئەوەی كە ئیسلام هەموو خەڵك بە یەكسان و هاوتای یەك دەزانێت! ئەمەی كە دەكرێت هەڵە تێگەیشتنە لە مانای ئەو یەكسانییەی كە ئیسلام دەیەوێت، ئەو یەكسانییەی ئیسلام واتە یەكسانی و هاوتایی لەڕێز و مرۆڤبوون و مافی گشتییاندا كە هەموو مرۆڤەكان تیایدا یەكسانن، وە هیچ جۆرە دژایەتییەكی لەگەڵ مافی فەرهەنگییاندا نییە كە ڕەچاوكردنی پێویستە، بۆنمونە: مافی خزمایەتی و هاوسەرێتی و هاوسێیەتی و ....هتد .

لە ڕەوشتی ئیسلامە كە: بچوك ڕێز لە گەورە بگرێت، وە هەروەك پێویستە كە گەورەش لەگەڵ بچوكدا میهرەبان بێت.. لەفەرمودەیەكی (پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم)دا هاتووە: ((ئەو كەسە لە ئێمە نییە كە لە بچوكمان خۆش نەبێت، وە ڕێز لەگەورەشمان نەگرێت و زانا و دانامان نەناسێت))، ئەمە واتە: كە پێویستە مافیان بزانێت و بناسێت.

(( لە ئێمە نییە! )) ... بەڕاستی چ شتێك هەیە كە لەم بێزارییە توندتر بێت؟! هەركەس چەند دەتوانێت با ئەمە ڕاڤە بكات!

لە فەرمودەیەكی تردا هاتووە: ((ڕێزگرتن و بەگەورەزانینی كەسێك كە مووەكانی سپی بوون، لە بە گەورەزانین و ڕێزگرتنی خودای پەروەردگارەوەیە)).

**سێیەم: مافی شارەزایان ڕەچاوبکەن و بیپارێزن. کەسانێك کە شارەزایی و پێشینەیان لە بانگەوازکردن بۆ بەرنامەی خودا و فێرکردنی خەڵکی و کاری جوان و شایستەدا هەیە، وە یان لە سەرخستنی ئایینی پەروەردگاردا بەباشی هەوڵیانداوە و تێکۆشاون، جوان نییە کە ئینکاری لە پێشینە و شارەزاییاندا بکرێت، وە یان تانەیان لێبدرێت و عەیبە بخرێتە شوێنیان بەهۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی پیرییان و بێتوانایی و سستی و بێ حەوسەڵەییانەوە، لەپاش لاوێتی و هێز و وزە و چالاك بوونیان، وە یان بەبیانووی زیادەڕەوی لەپاش دامەزراوبوونیان و پایەداربوونیان مافیان ڕەچاونەکرێت، چونکە ئەو پێشینە و تێکۆشانەی کە هەیانە لە تویێشوویاندایە و بۆیان دەژمێردرێت، کە دەتوانێت ببێتە شەفاعەتکار بۆیان لای پەروەردگار.**

**من ئەمانە لە بارەی خۆمەوە ناڵێم، بەڵکو ئەمە شتێکە کە (پێغەمبەرﷺ) لە بارەی (حاطب بن أبي بلتعة)ەوە بڕیاری لەسەرداوە، کاتێك کە هەنگاوەکانی بەرەو شتێکی وەك خیانەتەوە ڕۆشت: لەسەردەمی فەتحی مەککەدا نامەیەکی بۆ هاوەڵدانەرانی مەککە نووسی و ئاگاداری کردنەوە لەنەخشە و ئامانجی (پێغەمبەرﷺ) و ژمارەی سوپای موسوڵمانان، کە بۆ فەتحی مەککە ئامادە بووبوون، سەرەڕای ئەوەی کە (پێغەمبەرﷺ) پێداگربوو لەسەر ئەوەی کە بەنهێنی بمێنێتەوە و بەتەواوی شاراوەبێت ... لەم کاتەدا شتێك کە (عمر بن الخطّابرضي الله عنه) وتی ئەمە بوو: ((بهێڵە ئەی پێغەمبەری خودا با لەگەردنی بدەم، چونکە ئەم پیاوە دووڕوویی کردووە و بەتەواوی دووڕووە )). بەڵام (پێغەمبەرﷺ) لە وەڵامی (عمررضي الله عنه)دا فەرمووی: ((تۆ چی دەزانیت! پەروەردگار خۆی لەنییەتی (ئەهلی بەدر) بەئاگایە و پێی فەرموون: هەرکارێك کە ویستتان ئەنجامی بدەن، چونکە من لێتان خۆش دەبم!)).**

**لێرەدا پێشینەی ئەم پیاوە و تێکۆشانی لەڕۆژی (بەدر)دا – ئەو ڕۆژەی کە بڕوادار و دووڕوو لەیەك جیاکرانەوە – وای لە(پێغەمبەرﷺ) کرد کە داوای لێبوردنەکەی وەربگرێت و بووە هۆی ئەوەی کە ئەم ڕەوشە لە بەرامبەر تەواوی ئەو کەسانەوە بگیرێتەبەر کە لە (ڕووداوی بەدر)دا بەژدارییان کردبوو و بەم شێوەیە قسەیان لەبەرامبەرەوە بکرێت.**

# پێنجەم: لەگەڵ کۆمەڵی خەڵکیدا بژین

لەپاش ئەمانە ئەم گەنجانە ئامۆژگاری دەکەم کە:

لەئاسمانی خەون و خەیاڵەکانەوە دابەزن بۆ سەر زەوی واقیعییەت و لەگەڵ کۆمەڵی خەڵکیدا ژیان ببەنەسەر.. لەگەڵ هاونیشتمانییان و پیشەوەران و جوتیاران و کرێکاران و ماندووبووان و تێکۆشەران و .... هتددا درێژە بەژیان بدەن، ئەمانە ئەندامە بچوکەکانی شارە گەورەکانن کە لە گەڕەك و کۆڵانە بەرتەسك و فراوانەکانیدا یان لە گوندەکانیدا کە بۆ بەدەستهێنانی بژێوی و ڕۆزی هەوڵی ژیان دەدەن و دەژین.

ئەگەر لەگەڵ ئەم خەڵکە زەحمەتکێشەدا بژین، ئەوا سروشتی ساغ و دڵە بێکینە و پاکەکانیان دەبینن و لەو جەستانە تێدەگەن کە بەهۆی زۆر کارکردنەوە، تێکشکاوە و کوتراوە!

ئامۆژگاری گەنجان دەکەم کە بێنە ناو خەڵکی و تێکەڵ بە شوێنەکانیان ببن و ماڵ پێکەوە بنێن تا یارمەتیان بدەن لە کاروباری فێرکردنی نەخوێندەواراندا تا ئەوکاتەی فێری خوێندنەوە دەبن، وە یارمەتی دەستکورتەکان بدەن تا ئەو کاتەی پێویستییەکانیان جێبەجێ دەبێت، وە سەرپێچیکاران ئاگادار بکەنەوە تا ئەو کاتەی بێداردەبنەوە و دەستهەڵدەگرن، ئامۆژگاری تاوانباران بکەن تا ئەو کاتەی تەوبە دەکەن و دەگەڕێنەوە، دەستی گومڕایان و شێوێنەران بگرن تا ئەوشوێنەی کە دێنەوە سەر ڕێگەی ڕاست، دووڕوویی دووڕووان بشارنەوە تا ئەو کاتەی کە دووڕووییەکەیان دەشارنەوە، دژایەتی ڕەشوەخۆران و ڕەشوەدەران بکەن تا ئەوکاتەی ڕێگیرییان لێ دەکرێت، کۆمەکی ستەم لێکراوان بکەن تا ئەوشوێنەی کە سستی و بێتواناییان نامێنێت و دووبارە دەگەڕێنەوە سەر هێزیان و چالاك دەبنەوە ... با لە تەواوی ئەم کارانەدا پشکتان هەبێت.

ئەم گەنجانە پێویستە کۆمەڵە و ڕێکخراو پێکبهێنن بۆ نەهێشتن و لەناوبردنی نەخوێندەواری و کۆکردنەوەی زەکات و دابەش کردنی و ڕێکخستنی نێوان خەڵك و تێکۆشان بۆ ڕێگریکردن لە نەخۆشی و بەدەستخستنی داودەرمان بۆ وازهێنان لە جگەرەکێشان و گیرۆدەبووانی ماددە هۆشبەرەکان و ڕێگریکردن لە دابونەریتی زیانبەخش و ناپەسەند و لەجیاتیاندا بایەخبدەن بە خوی پەسەند و جوان .

چەندە زۆرن ئەو کۆمەڵگایانەی کە پێویستیان بە هەوڵ و کۆشش و بڕوای توندوتۆڵ و پۆڵاین و گوڕوتینی ئازایانەی ئەم لاوانە هەیە!.

ئەی لاوانی ئیسلام! خۆتان لەخەڵکی بەدوور مەگرن و خۆتان جیامەکەنەوە ... خەڵکانێك کە باوکان و دایکان و برایان و خوشکانتانن! بگەڕێنەوە و لەگەڵ کۆمەڵی خەڵکیدا پەیوەندی دروست بکەنەوە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن. هاوبەشی خەم و ناخۆشی و مەینەتییەکانیان بن. دەست بخەنە ژێر شانەکانیانەوە و ئومێدیان پێببەخشن. فرمێسکی هەتیوەکان بسڕن، زەردەخەنە بکەن بەڕووی بێنەوایاندا، باری قورسی سەرپشتی ڕەنجکێشان و سەختی دیوەکان سوك بکەن. پەنای بێچارە و ستەم لێکراوان بدەن. شکستی شکستخواردووەکان دەبربکەنەوە، دەرمانی برینی دڵی دڵتەنگەکان و دەردەدارەکان چارەبکەن. ئەمەش هەمووی بە کاری جوان یان بە وتنی قسەی پاك و ڕازاوە یان بە زەردەخەنەیەکی ڕاستگۆیانە دەبێت!.

هەستان و هەنگاونان بۆ خزمەتکردن بە کۆمەڵگە، وە هاریکاری و هاوکاری بە کۆمەڵگە – بەشێوەی یارمەتیدانی کۆمەڵانی لاواز و بێتوانا کە لە کۆمەڵگەدا دەژین – پەرستشێکی زۆرگەورە و بەبایەخە کە زۆربەی موسوڵمانانی ئەم سەردەمە لێی بێئاگان و بەباشی نازانن! لەکاتێکدا لەئیسلامدا، ڕێنماییکردنی زۆرزیاد هاتووە بۆ بەئەنجام گەیاندنی کاری چاکە و پەسەند و فەرمانکرد پێی و بانگی خەڵك دەکات بۆ ئەم کارانە و بە ئەرکێکی ڕۆژانەی هەموو تاکێکی موسوڵمانی دەزانێت.

من لە کتێبەکەی خۆمدا (العبادة في الإسلام – بەندایەتی لە ئیسلامدا –) ڕوونم کردووەتەوە کە:

ئیسلام لە هەوڵی بەدیهێنانی زەمینەسازی و فراوانترکردنی بازنەی پەرستشەکاندایە، بەجۆرێك ئەوەندە کاری زۆر دەگرێتە خۆی کە بەبیری هیچ کەسێکدا نەهاتووە و هیچ کەس خەیاڵی نەکردووە کە ئیسلام هەموو ئەم کارانە بە پەرستش و نزیکبوونەوە لەپەروەردگار دابنێت!.

ئیسلام هەرکارێك کە کۆمەڵایەتی و سودبەخش بێت، بەیەکێك لەباشترین پەرستشەکانی داناوە، هەڵبەتە بە مەرجێك کە مەبەست لەئەنجامدانی ئەم کارە باشانە خەیروچاکە بێت، نەوەك بەئومێدی پیاهەڵدان و باسکردن و بەدەستهێنانی ناوبانگ بێت لەناو خەڵکدا تا بەم هۆیەوە بیەوێت خۆی بەگەورە بزانێت و شانازی بکات بەسەریاندا.

هەرکارێك کە مرۆڤ بەهۆیەوە دەست بۆ سڕینی فرمێسکی مرۆڤە خەمبارەکان درێژبکات یان سەختی و ڕەنجی کەسانی ماندوو سوك بکات و مەرهەمی برینی مرۆڤە کارەساتبارەکان بکات و بەرگری لە هەژاری و بێتوانایی کەسانی بێبەشکراو بکات و بەهۆی ئەو هێز و وزەیەی کە هەیەتی ستەم لێکراوێك بەهێز بکات و لە فشار و ناڕەحەتی ڕزگاری بکات و قەرزی قورسی سەرشانی کەسێك بگرێتە خۆی و دەستگیرۆیی هەژای داوێنپاکی خێزاندار بکات و سەرگەردان و ونبوویەك ڕێنمایی بکات و نەخوێندەوارێك فێربکات و پەنای ڕێبوارێك بدات و خراپەیەك لەدروستکراوەکانی خودا بەدووربخاتەوە و ڕێگرێکی سەر ڕێگا لاببات و سودێك بە کەسێك بگەیەنێت و ..... هتد هەموو ئەمانە لەکاتێکتدا کە نییەتێکی باش و جوان لەپشتییانەوە بێت، بە پەرستش و نزیکبوونەوە لەپەروەردگار دادەنرێت.

کاری لەم جۆرە زۆرن کە ئیسلام بە پەرستش و گوێڕایەڵی پەروەردگاری داناون و بەیەکێك لە بەشەکانی باوەڕ و ئەرکەکان ژمێردراون و لەلایەن خودای باڵادەستەوە پاداشتیان بۆ دانراوە.

ئەگەر لەم ڕووەوە فەرموودەکانی (پێغەمبەرﷺ) بخوێنینەوە، دەبینین کە لای ئەو هەرگیز هەر ئەوەندە بەس نەبووە کە ئەم کارانە واجب و فەرزن لەسەر مرۆڤ، بەڵکو زۆر بەپەرۆشی و گەرم و گوڕییەوە هەوڵی بۆ داوە و تەنانەت ئەم کارانەی بە فەرز زانیووە لەسەر هەموو بەش و پارچەیەکی وردودرشتی جەستەیان!

(أبو هريرةرضي الله عنه) لە (پێغەمبەرﷺ)ەوە دەگێڕێتەوە کە : ((بۆ هەرئێسکێك، هەرڕۆژێك کە خۆر هەڵدێت، چاکەیەك واجە، ئەگەر دادپەروەری لە نێوان دوو کەسدا بکات، ئەوە چاکەیە. ئەگەر یارمەتی هاوڕێیەکی بدات لەسوارکردن یان سەرخستنی بارێك و کاڵایەك بۆ سەر پشتی ئاژەڵێك ئەوە چاکەیە. هەر وشەیەکی پاك و باش بڵێت، هەر هەنگاوێك کە بۆ نوێژ هەڵی دەگرێت، هەر ڕێگرییەك لە سەر ڕێگادا لابدات چاکەیە)).

(ابن عباسرضي الله عنه) هاوشێوەی ئەمەی لە (پێغەمبەرﷺ)ەوە گێڕاوەتەوە: ((بۆ هەر بەشێك لە جەستەی مرۆڤ، لە هەر ڕۆژێکدا نوێژێك واجبە! کەسێك لەو کاتەدا وتی: ئەمە قورسترین شتە کە تائێستا بە ئێمەتان فەرمووە! (پێغەمبەرﷺ) فەرمووی: فەرمان کردنت بە کاری باش و ڕێگری کردنت لە کاری خراپ نوێژێکە، یارمەتیدانت بۆ لاوازەکان نوێژێکە، ڕێگری و ناڕەحەتییەکانی سەر ڕێگا لادەبەیت و دووری دەخەیتەوە ئەمە بۆخۆی نوێژێیکە، هەر هەنگاوێك کە بۆ نوێژ هەڵی دەگریت، بۆخۆی نوێژێکە)).

**وە هەر وەك ئەم گێڕانەوەیە (بریدةﷺ) لە (پێغەمبەرﷺ)ەوە دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:**
**((لەمرۆڤدا سێسەد و شەست جومگە هەیە، وە لەسەری پێویستە کە بۆ هەر جومگەیەك چاکەیەك بکات! وتیان: چ کەسێك توانایی و هێزی ئەم کارەی هەیە ئەی پێغەمبەری خوداﷺ؟! – وا گومانیان برد کە مەبەستی چاکەی ماددییە – فەرمووی: کاتێك خۆڵ دەکەیت بەسەر تف و بەڵغەمێکدا لە مزگوتدا و شتێکی زیانبەخش لە سەر ڕێگادا لا دەبەیت و .....تا کۆتایی فەرموودەکە)).**

**فەرموودەی زۆر لەم بارەیەوە هاتوون کە تەنانەت زەردەخەنەی موسوڵمان بەڕووی برا موسوڵمانەکەیدا بەچاکە دادەنرێت. یارمەتیدانی نەبیستان و نابینایان و ڕێنماییکردنی کەسانی سەرەڕۆ و سەرگەردان و گەرم و گوڕی لە بەدەمەوەچوونی خەمباران و داخدیوان و یارمەتیدانی لاوازان و هەرچی لەم بارەیەوە دەسووڕێتەوە، (پێغەمبەرﷺ) بە پەرستشێکی بەبایەخ و چاکەیەکی پاکی داناوە.**

**بەم ڕیزبەندیە، مرۆڤی موسوڵمان لە کۆمەڵگەیەکدا دەژی کە کانیاوی چاکە و ڕەحمەت هەمیشە و بەردەوام لێیەوە قوڵپدەدات و هەڵدەقوڵێت. کاری جوان ئەنجام دەدات و بانگەوازی بۆ دەکات، تەواوی توانای خۆی تیادا سەرف دەکات و ڕێنمایی دەخاتەڕوو، دەبێتە قفڵێك بۆ کارە ناپەسەند و خراپەکان، هەروەك چۆن کە لە فەرموودەکەی لای (ابن ماجة)دا هاتووە:**
**((خۆش بەحاڵی ئەو بەندەیەی کە پەروەردگار ئەوی کردبێت بە کلیلێك بۆ چاکە و قفڵێك بۆ خراپە)).**

**هەندێك لە کەسانی عاتیفی و زووهەڵچوو دەڵێن:**
**ئەم کارە کۆمەڵایەتییانە دەبێتە هۆی لەکارخستنی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی و ئاگادار نەبوونەوەی خەڵکی لەڕاستییەکان، لەکاتێکدا بانگەوازی ئیسلامی ئامانجە و زۆر واجبتر و پێویستیترە لە سەرگەرم بوون بەم کارانەی ترەوە!**
**من بەوانە دەڵێم:**
**کاری کۆمەڵایەتی، خۆی بۆخۆی جۆرێکیتری بانگەوازە و لەڕاستیدا بانگەوازێکە بۆ خەڵکی هەر لەشوێنەکانی خۆیانەوە، بانگەوازێك کە هاوڕێیە لەگەڵ کرداردا.**

**چونکە بانگەواز تەنها قسەو نووسینێك نییە کە بوترێت یان بنووسرێت، بەڵکو هەوڵ و تێکۆشانە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتی خەڵکی، کە زیاتر لە خەون و داواکارییەکانیان نزیکیان بکاتەوە.**

**پەروەردگار (امام حسن البنّا) بەڕەحمەت بکات! کە زۆر بەباشی لەم بابەتە تێگەیشتبوو. ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوی دروستکرد تا بەکاری جوان و پاك و خزمەتی کۆمەڵگەدا ڕابگەن.**

**هەر موسوڵمانێك هەروەك چۆن فەرمانی پێکراوە کە (چەمانەوە و کڕنووش و پەرستش) بۆ خودای پەروەردگار بکات، بەهەمان شێوە فەرمانی پێکراوە بۆ ئەنجامدانی کاری باش و پەسەند بۆ خەڵکی. قورئانی پیرۆز لەم بارەیەو دەفەرمووێت:**

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱرْكَعُوا۟ وَٱسْجُدُوا۟ وَٱعْبُدُوا۟ رَبَّكُمْ وَٱفْعَلُوا۟ ٱلْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ۩ ﴿٧٧﴾ وَجَـٰهِدُوا۟ فِى ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦ ۚ هُوَ ٱجْتَبَىٰكُمْ .....﴾ (**الحج: ٧٧ – ٧٨**).

**واتە: (( ئەی باوەڕداران بچەمنەوە و کڕنوش ببەن بۆ پەروەردگارتان و تەنها ئەو بپەرستن و کاری چاك ئەنجامبدەن تا سەرفرازبن و لە ڕێی پەروەردگاردا تێبکۆشن ( بەو جۆرە تێکۆشانەی کە شاستەیە بۆ خودا)، خودا ئێوەی هەڵبژاردووە ... )).**

**ئەم ئایەتە لە سێ لایەنەوە ژیانی موسوڵمانان ڕێکدەخات:**

**بەشێك کە پەیوەندییان بە پەروەردگاریانەوە دیاری دەکات کە وێنای بەندایەتی پەروەردگار دەکات بۆیان ... بەشێکی تر پەیوەندیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا ڕووندەکاتەوە کە لە کاری جوان و باشدا خۆی دەنوێنێت ... کۆتابەش پەیوەندیان لەگەڵ هێز و تواناداا ڕوون دەکاتەوە کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتە خراپەکان بەکاریبهێنن کە لە تێکۆشان(جهاد)دا خۆی دەنوێنێت.**

**دەی ئەگەر کەسێك بەکاری چاکەوە سەرقاڵبێت، خۆی بە شتێکەوە سەرگەرم بکات کە خودا لەسەری واجبکردووە، وە هەرکەس بەم جۆرە هەڵسوکەوت بکات، ئەوا لەلایەن پەروەردگارەوە پاداشتی دەدرێتەوە، وە لەناو خەڵکیشدا سوپاسکراو و سەربەرز دەبێت.**

**هەروەها هەندێك لەوانە دەڵێن:**

**پێویستە هەوڵ و کۆششی بانگەوازکارانی ئیسلام، تەنها و تەنها بۆ دامەزراندی دەوڵەتی ئیسلامی بێت. دەوڵەتێك ڕێك وەك ئەوە فەرمانڕەوایەتی بکات کە پەروەردگار دایبەزاندووە. هەموو کاروبارێکی ژیان لەڕوانگەی ئیسلامەوە بچەسپێنێت و لەناو بازنەی ئیسلامەتیدا**

**پیادەی حکومەت بکات و هەرچی لەدەرەوەی بێت ڕوونی بکاتەوە و خەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە.**

**کاتێك کە دەوڵەتێکی لەم شێوەیە دابمەزرێت و جێگیرببێت، لەو کاتەدایە کە دەبێتە سەرپەرشتیار و لە ئەستۆگری هەموو پێداویستی و داواکارییەکانی کۆمەڵگە و دەستدەکات بە فێرکردنی نەزانان و نەخوێندەواران، کار بۆ بێکاران دەدۆزێتەوە و دەستەبەری هەموو پێداویستییەکی کەمئەندامان و بێتوانایان لەئەستۆ دەگرێت و نیازی هەموو خاوەن پێویستییەکان دابین دەکات و چارەسەری هەموو نەخۆشەکان دەکات و پشتی ستەم لێکراوان دەگرێت و دادپەروەری جێگیردەکات.**

**پێویستە لەسەرمان کە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی لەم شێوەیە دەستبەکاربین، وە نابێت کاتەکانمان لە دەست بدەین و خۆمان بە شتی لاوەکییەوە سەرقاڵ بکەین و شتە سەرەکییەکان بخەینەلاوە. بەڵام ئەم کارەیتر، وەك حەبی هێورکەرەوە وایە کە تەنها بەشێوەیەکی کاتی ئازارەکە هێوردەکاتەوە، لەکاتێکدا دەرمانی تایبەتی هەیە کە ڕەگ و ڕیشەی نەخۆشییەکە لەبن دەردەهێنێت و نایهێڵێت.**

**دیسانەوە بەم برایانە دەڵێم:**

**بۆ دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی، دەوڵەتێك کە بە شەریعەت و بەرنامەی پەروەردگار کاربکات، وە موسوڵمانان بکاتەوە بەیەك و هەموویان لەژێر یەك پەرچەمی ئیسلامیدا کۆبکاتەوە، ئەوا لەسەر هەموو تاکەکانی میللەتی ئیسلام پێویستە کە بۆ دروستکردنی وەها دەوڵەتێك هەوڵبدەن، وە لەسەر بانگەوازکارانی ئیسلامی پێویستە کە هەرچەندە لەتوانایاندا هەیە لەمبارەیەوە بیخەنەڕوو و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە تێبکۆشن. باشترین شێوە و بەرنامە بەکاربهێنن. باشترین ڕێگەچارە بگرنەبەر تا هەموو هەوڵ و کۆششە پەرتەوازەبووەکان پێکەوە یەکبگرنەوە. مێشك و بیروبۆچوونە گوماناوییەکان ڕازیبکەن. ئەو ڕێگرە زۆر و زەبەندانەی کە لەسەر ڕێگادان بخەنە کەنارەوە. پێشەوا و سەرکردەیەك کە دەیانەوێت، پەروەردەی بکەن. وە تەواوی بیر وبۆچوونە ناوخۆیی و جیهانییەکان بۆ ڕازیبوون بە بیروباوەڕی ئیسلامی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی ئامادەبکەن.**

هەموو ئەمانەش پێویستی بە کاتێکی زۆر و ئارامگرییەکی جوان هەیە تا هەموو ئەم هۆکارانە ئامادەبکرێن و ڕێگرییەکان لەناوببرێن و تا مەرجە زۆر و فراوانەکان ئامادەبکرێن، تا لەکۆتاییدا میوە و بەرهەمە سەرەکییەکە پێبگات و درەختەکەی باردار ببێت.

بۆئەوەی کە ئەم ئامانجە بێتەدی، پێویستە کە خەڵکی هەر ئەوەندەی کە لە توانایاندا هەیە بیخەنەکار. لە پێناو خزمەتکردن بە خێزان و بنەماڵەکانیان و چاکسازی ئەو کۆمەڵگایەی کە لەنێوان تاکەکانیدا دەژین و ماڵ و جێی حەسانەوەیان دروستکردووە پێویستە سەرقاڵبن و هەوڵ و کۆشش بدەن، هەڵبەتە کە پەروەردگار هەر ئەوەندەی خستووەتە سەرشانی کەسەکان کە لە توانایاندایە و داوای لەوەزیاتری نەکردووە. وە ئەمە بۆ ئەو سەرکردە و پێشڕەوانە بایەخی خۆی هەیە و تاقیکردنەوەیەکی باش دەبێت بۆیان، وە خۆ پەروەردە کردنێکیشە کە دەتوانن بەتەواوی شارەزا و بەئەزموونبن و سودی لێوەربگرن بۆ زیادبوونی هێزوتوانایان و بۆ بوونە پێشەوا و ڕابەرایەتیکردنی کۆمەڵگە و کاریگەربوون تیایدا.

ئەگەر ئەم کارانە بە باش نازانێت کە بچێت بە دەم کەسێکی موسڵمانی نەخۆشی ناو کۆمەڵگەوە و بیبینێت و بۆ چارەسەرکردنی بڕوات لەدەرمانخانەیەك یان نەخۆشخانەیەکدا دەرمانی بۆ وەربگرێت، ئەوا باشتروایە لەم کاتەدا خۆی لەم جۆرە باسانە بپارێزێت تا سەردەمێك کە دەوڵەتی ئیسلامی دادەمەزرێت و لەو کاتەدا، دەوڵەت خۆی چارەسەری نەخۆش و برینداران لە ئەستۆ دەگرێت!

ئەگەر ئەم کارانە بە چاك ناژمێرن کە کەسێکی موسوڵمان بۆ دەستگیرۆیی هەژاران و لاوازان و بینینی نەخۆش و پەککەوتەکان، هەڵبسێت بە دانانی سندوقی خەیری و کۆکردنەوەی زەکات لە دەوڵەمەندان و دابەشکردنی بەسەر هەژاران و لێقەوماواندا و یامەتییان بدات، لەبەرئەوەیە دەیانەوێت کە دەوڵەتی ئیسلامی دابمەزرێت و ئینجا ئەم کارانە بکەن! لە کاتێکدا بەم کارانە، لە ڕووی دەستپاکی و دڵسۆزی کۆمەڵایەتی و بڕواپێبوونەوە پتەوتر و جێگیرتر و دامەزراوتر دەبن.

ئەگەر بە شایستەی نەزانن کە تاکی موسوڵمان لە ناو کۆمەڵگەدا لە دەوروبەری خۆیدا کەسانێك ببینێت کە دەستە و یەخەی یەکتری بوون و دوژمنایەتی یەکتردەکەن و لەگەڵ یەکتردا دەجەنگن، ئەوا لەم کاتەدا دەست بە ئەژنۆ لێی دادەنیشن و هیچ هەنگاوێك نانێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان تا لە کۆتاییەکەیدا ئاگری دوژمنایەتی، تەڕ و وشکیان دەسوتێنێت، وە تا سەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی چاوەڕوان دەبن، تا ئەو کاتەی کە دەوڵەتی

**ئیسلامی دروستبوو داد و یەکسانی و ئاشتبوونەوە و ئارامی و دۆستایەتی و خۆشەویستی لە نێوان خەڵکیدا بچەسپێنن، وە ئەو کاتە بجەنگن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە دەستدرێژی و خزم خزمێنە دەکەن و ڕێککەوتن قبوڵ ناکەن، بۆ ئەوی بیانگێڕنەوە بۆ گوێڕایەڵیکردنی فەرمانی خودا.**

**بەم جۆرە، باشترین کار و چاکترین ڕێگە ئەوەیە کە مرۆڤی موسوڵمان بەپێی توانای خۆی ڕووبەڕووی شەڕ و خراپە ببێتەوە و بەرگری لێبکات، وە کاری چاکە و پەسەند بکات و دەست نەنێت بەڕووی کەسەوە، چونکە هەرکەسە و بەپێی توانای خۆی لەئەنجامدانی کاری چاکدا، با بەئەندازەی دەنکە گەردیلەیەکیش بێت، پاداشتی خۆی هەیە! لەم بارەیەوە خودای پەروەردگار دەفەرمووێت:**

﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ﴾ (**التغابن: ١٦**).

**واتە: (( تا ئەو ئەندازەیەی کە تواناتان هەیە، لە خودا بترسن و شەرمی لێبکەن )).**

**نمونەی ئەو دەوڵەتی ئیسلامییەی کە ئەو کەسە حەماسییانە بۆ دروستکردنی جاڕدەدەن، وەك درەختی (زەیتون و خورما) وایە کە لەباخێکدا چێنرابن! وە چاوەڕوانی ئەوەیان لێناکرێت کە بەم زووانە بەروبووم بدەن، مەگەر لەدوای چەند ساڵێك. ئاخۆ ئێستا خاوەنی باخەکە دەوەستێت و دەست دەخاتە سەردەستی بە دیاریانەوە؟! ئایا هیچ کارێکی تری نییە کە ئەنجامیبدات؟! ئایا تا ئەو کاتەی کە درەختی (زەیتون و خورما)کە دێنەبەر ئیتر هیچ میوەیەکی تر نییە کە بیچێنێت؟! نا نەخێر! بەهیچ شێوەیەك واناکات، بەڵکو دەستدەکات بە ناشتنی ئەو سەوزە و میوە و دانەوێڵانەی کە زووتر پێدەگەن و بەردەگرن و بەم شێوەیە، زەوییەکەی سەرسەوز دەکات و ساز و ئامادەی دەکات تا کاتی خۆی، خۆی بەو شتانەوە سەرقاڵ دەکات کە سود بەخۆیی و دەوروبەرەکەی دەگەیەنێت، تا لەکاتی خۆیدا دەستدەداتە (زەیتون و خورما)کەی و سەریان لێدەدات تا دێنەبەر و لەو ماوەیەدا بەباشی چاودێرییان دەکات!.**

## شەشەم: گومانی باشتان بەرامبەر بە موسڵمانان هەبێت

**کۆتا ئامۆژگاریم بۆ ڕۆڵە گەنجەکانم ئەمەیە کە:**

**لە ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ خەڵکیدا، بە دیدێکی پاك و ئەرێنییەوە لێیان بڕوانن و لەزیهنی خۆتاندا هەمیشە خاڵی ئەرێنی لەبەرچاوبگرن و چاکە و باشە لەبۆچوونتاندا دابنێن بەرامبەریان، وە بەر لەهەموو شتێکەوە گومانی چاکەتان پێیان هەبێت، تا بۆیان ڕوون ببێتەوە کە شتی سەرەکی وازهێنان لە تاوانە و ڕێکخستنی حاڵی موسڵمانان بنچینەی خەیر و باشەیە.**

**لێرەدا سێ تێڕوانین دێنە پێشەوە کە یارمەتی ئەم ڕێوشوێنە جوان و پەسەندیدانە دەدات:**

**یەکەم: لەگەڵ خەڵکیدا بەجۆرێك هەڵسوکەوت بکەن کە لەگەڵ واقعی ژیانیاندا بگونجێت. بەوەی کە ئەمانیش تاکێکی سەر ئەم زەویەن و فریشتەنین و باڵیان نییە و لە ڕووناکی دروست نەکراون، بەڵکو لە قوڕێکی گەنیو بەدیهێنراون. لەبەرئەوە ئەگەر هەڵەیەکیش ئەنجامبدەن، ئەوە بزانن کە هەموو نەوەیەکی ئادەم هەڵەکارە، وە ئەگەر تووشی تاوانێك بوون، باوکیان (ئادەمعَلَيْهِ السَّلَامُ) هەر لەسەرەتاوە تووشی تاوان و پەیمان شکێنی بووە:**

﴿وَلَقَدْ عَهِدْنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا ﴿١١٥﴾﴾ **(طه: ١١٥).**

**واتە: ((هەر لەسەرەتای کارەوە، پەیمانمان لە ئادەم وەرگرت، بەڵام ئەو لەبیریکرد و پشتگوێی خست، وە بڕیاری تەواو و خۆیەکلاییکردنەوەی ناخییمان لە ئەوەوە نەبینی! )).**

**دەی بەهیچ شێوەیەك سەرسووڕهێنەر نییە کە خەڵکی هەڵەبکەن و پێ لاردابنێن و پاشان بێدارببنەوە. دەست لە تاوانەوە بدەن و بگەڕێنەوە بۆ ڕێگەی ڕاست. ئەو کارەی کە پێویستە ئێمە ئەنجامی بدەین، ئەوەیە کە دەرگاکانی ئومێد و لێخۆشبوونیان بۆ بکەینەوە و لەتەنیشت ئەمەدا لە تۆڵە و سزای پەروەردگار ئاگاداریان بکەینەوە، چونکە مرۆڤی تێگەیشتوو و شارەزا کەسێکە کە بەندەکانی خودا لە سۆز و میهرەبانی خودا بێئومێد نەکات. لەم بارەیەوە هەر ئەوەندەمان بەسە کە پەروەردگار بەم شێوەیە فەرمان بە پەیامبەرەکەی دەکات:**

﴿ قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ ﴾ (الزمر: ٥٣).

**واتە: (( (ئەی پەیامبەر لە وتەکانی منەوە بە خەڵکی) بڵێ: ئەی بەندەکانم! ئەی ئەوانەی کە لەسەرپێچی و گوناهدا زیادەڕەویتان کردووە! لە سۆز و میهرەبانی حودا بێئومێد مەبن، چونکە بەڕاستی خودا لە هەموو تاوانێك خۆش دەبێت. بەڕاستی ئەو فرە لێخۆشبوو و میهرەبانە)).**

**ببینن کە چۆن پەروەردگار ترس و ناڕەحەتی و بێئومێدییان دەڕەوێنێتەوە، کاتێك کە پێیان دەفەرمووێت (ئەی بەندەکانم!) و خۆی ڕاستەوخۆ دەیاندوێنێت ... ئای! ئەمە چ سۆز و بەزەییەکی گەورەیە لەگەڵیاندا! ببینن کە چۆن ئەوانە لە خۆی نزیك دەکاتەوە و پاشان بەم شێوەیە دەروازەی لێبوردەییەکەی بۆ سەرجەم تاوانەکانیان دەکاتەوە. تاوانگەلێك کە هەرچەندە گەورەبن، بەڵام لێبووردەیی و لێخۆشبوونی خودا زۆرزیاتر و گەورەترە!**

**دووەم: ئێمە فەرمانمان پێکراوە کە هەمیشە مامەڵە لەگەڵ ڕووکار(ظاهر)دا بکەین و ناخ(باطن) و کارە شاراوەکان بسپێرین بە خودا. لەبەرئەوە هەرکەسێك شایەتومان بهێنێت و بڵێت: ((أشهد ان لا اله الاّ الله و أن محمداً رسول الله))، ئێمە بە ڕووکاری کارەکە بە ئیسلام مامەڵەی لەگەڵ دەکەین و ناخی دەسپێرین بە زانای هەموو شاراوەکان تا ئەو ڕۆژەی کە هەموو نهێنیە شاراوەکان ئاشکرادەبن.**

**لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە: ((أُمرتُ أَنْ أُقاتِلَ النّاسَ حَتّى يَشهَدُوا أَنْ لا إلهَ إلاّ اللّهُ و يُقِيموا الصّلاةَ وَ يُؤتُوا الزّكاةَ ثُمَّ حَرُمَتْ عَلَيَّ دِماؤُهُمْ و أَموالُهُمْ وَ حِسَابُهُمْ عَلَى اللهِ تَعَالى)).**

**واتە: (( فەرمانم پێکرا کە لەگەڵ خەڵکی بجەنگم (لەگەڵ ئەوانەدا کە جەنگمان پێ دەفرۆشن) تا ئەوکاتە کە دەڵێن (لا إلهَ إلاّ اللّهُ) و نوێژ بکەن و زەکات بدەن، وە هەرکاتێك ئەمە بڵێن و بکەن خوێن وماڵیانم لێ حەرامکراوە(مەگەر بە حەق)، وە حسابیان لەسەر پەروەردگارە)).**

**هەر بەم هۆیەوە بوو، کە (پێغەمبەرﷺ) لەگەڵ دووڕوواند (ئەوانەی کە دەیزانی دووڕووییەکەیان شاراوەیە) بەپێی ڕووکاریان مامەڵەی دەکرد و یاساکانی ئیسلامی لەسەر ئەم بنچینەیە بەسەریاندا جێبەجێدەکرد، لەکاتێکدا کە بەشاراوەیی هەمیشە بۆ فریودانی (پێغەمبەرﷺ) پیلان و تەڵکەیان دادەڕێژا، وە تەنانەت ئەو کاتەی کە هەندێك لە خەڵك**

**پێشنیاریان بۆ (پێغەمبەرﷺ) کرد کە بیانکوژێت و خۆی لە شەڕ و فێڵیان ڕزگاربکات، فەرمووی: ((دەترسم خەڵکی بە یەکتری بڵێن کە موحەممەد هاوڕێکانی لەناودەبات!)).**

**سێیەم: هەرکەس باوەڕی بە خودا و پێغەمبەرەکەی هەیە، هەرچەندە لەڕووکاردا لەناو تاواندا گەوزابێت و دەستی لەناو گوناھ و تاوانی گەورەدا بێت، کەچی هەر قوڵاییەکانی دەروونی لە چاکە و باشە خاڵی نابێت و بوونی نابێتە یەك پارچە خراپە.**

**ئەمە ڕاستە کە تاوان (ئەگەر گەورە و پیس بێت) زیان بە باوەڕ دەگەیەنێت و کەمی دەکاتەوە، بەڵام هەرگیز لەڕیشەدا دەریناهێنێت، مادەم مەبەستی ئەوە نەبێت کە ململانێ و دژایەتی دەسەڵاتی خودا بکات، وە مەبەستی سوکایەتیکردن نەبێت بە حەڵاڵ و حەرام و فەرمان و ڕێگرییەکانی خودا.**

**لەم بارەیەوە دەتوانین (پێغەمبەرﷺ) بکەینە باشترین نمونە، کە لەگەڵ کەسانی تاوانباردا میهرەبانترین کەس بوو و تاوان و سەرپێچی هیچ کەسێك نەدەبوویە هۆی ئەوەی کە دڵی خۆیان بۆ نەکاتەوە، وە بەشێوەیەك سەیری دەکرد وەك ئەوەی کە پزیشکێك سەیری نەخۆشێك بکات و هیچ کاتێك بەرامبەر بەو کەسانە وەك سەیرکردنی پۆلیس بۆ تاوانبار نەبوو!**

**((گەنجێکی قوڕەیشی هات بۆلای (پێغەمبەرﷺ) و داوای لێکرد کە ڕوخسەتی پێبدات کە (زینا – داوێن پیسی–) بکات! هاوەڵانی (پێغەمبەرﷺ) لەبەرئەم کارەی لێی توڕەبوون و دڵگرانبوون، بەڵام هەڵوێستی (پێغەمبەرﷺ) لەبەرامبەر ئەم گەنجەدا، هەڵوێستێکی جیاوازتر بوو لە هەڵوێستی هاوەڵەکانی و فەرمووی: وەرە پێشەوە! ... هاتە پێشەوە. پێی فەرموو: ئایا پێتخۆشە کە ئەم کارە لەگەڵ دایکتدا ئەنجام بدرێت؟! وتی: نا، سوێند بە خودا نا! بە فیدات بم! (پێغەمبەرﷺ) فەرمووی: دەی خەڵکیش پێیان خۆش نییە کە لەگەڵ دایکیاندا ئەم جۆرە کارە ئەنجام بدرێت، وە پاشان هەر ئەو پرسیارەی لە بارەی کچ و خوشك و پوریشیەوە لێکرد ... و لەهەموویاندا دەیفەرموو: ئایا پێتخۆشە کەلەگەڵ فلانیشدا ئەمە بکرێت؟! ... ئەویش هەر دەیگوت: نا! سوێند بە خودا پێم خۆش نییە! بە فیدات بم ئەی (رسول الله)! (پێغەمبەرﷺ)یش دەیفەرموو: دەی بزانە کە خەڵکیش پێیان خۆش نییە ....و بەم شێوەیە**

**وازیلێهێنا و فەرمووی: ئەی پەروەردگار! لە تاوانی ئەم گەنجە خۆشببە و دڵی پاك بكەرەوە و داوێنی بپارێزە! ... وە لەپاش ئەم ڕووداوەوە هیچی خراپی لەم گەنجە نەبینی)).**

**ببینن كە (پێغەمبەری خوداﷺ) چۆن بەسۆز و میهرەبانییەوە هەڵسوكەوتی لەگەڵ ئەم گەنجەدا كرد و گومانی چاكەی پێبرد و بیری خۆی بە چاكە و شتی جوان و ڕووانینێكی ئەرێنییەوە ئامادەكرد و خۆی لیێ نزیككردەوە و لە بیركدنەوەی شەڕ و خراپە خۆی بەدوورگرت. قسەی لەگەڵدا ناپچڕێنێت و دەستبەرداری نابێت، تا ئەوكاتەی كە بیروبۆچوونی بڕوا پێبكات و دڵی لە ناشرینی و پیسی زینا ئاگادار دەكاتەوە، وە لەكۆتایشدا بە پاڕانەوەی جوان و ڕووناكی ئاسا ڕێگای بۆ ڕۆشن دەكاتەوە!.**

**باسكراوە: كە ئەو گەنجە، لەو ڕۆژە بەدواوە تووشی گوناه و سەرپێچی نەبووە و لەجێی زبری و بیێ ڕەوشتی، هەمیشە میهرەبان و نەرم و نیان و خۆش ڕەفتار بووە!**

**نمونەیەكی ترتان بۆ دەگێڕمەوە:**

**ژنێكی مێرددار لە هۆزی (غامدی) تووشی زینا بوو، دوای ئەو كارە پیسە، سكپڕ بوو. هات بۆلای (پێغەمبەرﷺ) تا بە جێبەجێكردنی (حەد)، خۆی پاك بكاتەوە. كاتێك كە (حەد)یان بۆ جێبەجێكرد (خالد بن الولیدرضي الله عنه) زۆر بە ڕق و تووڕەییەوە جنێوی پێدا. (پێغەمبەرﷺ) فەرمووی: ((ئەی خالید ئایا جنێو بە ئەو دەدەیت!؟ ئەو تەوبەیەكی كردووە كە ئەگەر دابەش بكرێت بەسەر حەفتا ماڵی سەر مەدینەدا، بەشی هەر هەموویان دەكات! ئایا تائێستا كەسێكت باشتر لەم ژنە دیوە كە بیەوێت بەم شێوەیە لە پێناوی خودای پایە بڵنددا بمرێت؟!))[١].**

**دەوترێت: كە ئەو ژنە تاوانی كرد، بەڵام تەوبەی كرد! .....**

---

[١] ئەم ڕیوایەتە هیچ پشتیوانییەكی لە قورئاندا نییە، چونكە لە قورئاندا تەنها حەدی زیناكەر دیارییكراوە و باسی هاوسەردار و بیێ هاوسەر نەكراو و باسی جیاوازی نێوان حەدی زیناكەری هاوسەردار و بیێ هاوسەر نەهاتووە . بەڵكو تەنها جەڵدلێدان دانراوە بۆ زیناكەرێك كە خۆی بیەوێت لە تاوانەكەی پاك ببێتەوە. . نەك ئەوەی كە بۆ بیێ هاوسەر جەڵدبێت و بۆ هاوسەردار بەردبارانكردن. هەروەها كاتێك ئەم حوكمە جێبەجیێ دەكرێت كە كەسی ئەنجامدەری تاوانەكە خۆی بە خواست و ئارەزووی خۆی بیەوێت ئەم حوكمەی بەسەردا جێبەجیێ بكرێت، نەك ئەگەر ئاشكرابوو بەزۆر بهێنرێت و جەڵدی لێبدرێت، بەڵكو ئەگەر خۆی نەیەوێت ئەوا بەهیچ شێوەیەك كەس مافی ئەوەی نییە كە ئەم حوكمەی بەسەردا جێبەجیێ بكات. وە دەبێت ئەوە بزانرێت كە ئەم حوكمە تەنها بۆ كەسی موسڵمانە و ناموسڵمان ناگرێتەوە، چونكە ئەو موسڵمانە كە دەیەوێت لە تاوانەكەی پاك ببێتەوە، خۆ كەسی ناموسڵمان بە گوناهی نازانێت و هەروەها بلوەڕیشی بە ئایینی ئیسلام نییە تا بیەوێت پاك ببێتەوە و خودا لێی خۆش ببێت. (و. كوردی)

وه کۆتا نمونه ئەمەیە:

هاوەڵێك هەبوو کە عارەق خۆری بەردەوام بوو، وە زۆرخراپ پێوەی ئالودە بووبوو. ڕۆژێك کە زۆر زیاتری خواردبوویەوە لە ڕۆژەکانیتر و هێنایان بۆلای (پێغەمبەرﷺ) و حەدیان بۆ جێبەجێکرد و سزای خۆی وەرگرت. بەڵام هەر کە ئازاد کرا، چونکە شەیتانی دەروونی هەمیشە خواردنەوەی لا جوان کردبوو و بەسەریدا زاڵ بووبوو، سەر لەنوێ هانیدایەوە بۆ خواردنەوەی عارەق و خواردییەوە. سەر لەنوێ هێنایانەوە بۆلای (پێغەمبەرﷺ) و دووبارە سزای خۆی وەرگرتەوە ... وە بەم جۆرە چەندینجار ئەم کارە ڕوویدایەوە تا ئەوی کە ڕۆژێك هەمدیسان بە سەرخۆشی هینایانەوە بۆلای (پێغەمبەرﷺ) بۆئەوەی حەدی بەسەردا جێبەجێ بکەن . هەندێك لە هاوەڵان وتیان: ((نەفرەتی خودای لێبێت! ئەمە چەندەمین جاریەتی کە بەم شێوەیە دەیهێننە خزمەتی (پێغەمبەرﷺ)؟! )) ... لەم کاتەدا (پێغەمبەرﷺ) بێدەنگ نەبوو بەرامبەر بە نەفرەتی ئەم موسڵمانانە بۆ ئەم پیاوە، سەرەڕای ئەوەی کە توش بووبوو بە (أمّ الخبائث – دایکی تاوانەکان–) و بەو کەسانەی فەرموو: ((یارمەتی شەیتان مەدەن بۆ زاڵبوون بەسەر براکەتاندا!)).

سەرنجبدەن، پەروەردگار من و ئێوەش بخاتە بەر سۆز و میهرەبانی خۆیەوە! سەرنج لەم دڵەگەورە و گیانە بەرزە بدەن کە چۆن ئەم مرۆڤەی بەرزکردەوە سەرەڕای تووش بوونی بە تاوان، ئەمە چ گومانێکی باش دروستدەکات لای ئەو کەسە! چۆن سەیری خەیر و چاکەی شاراوەی ناو دەروونی دەکات، سەرەڕای بوونی خراپەی ئاشکرا و دەرکەوتوو کە لێی دەبینرێت، گومانی باشی پێدەبات و بە ڕووانینێکی ئەرێنییەوە شەڕ و خراپەی ناو دەروون و بیروبۆچوونی دەسڕێتەوە و وندەکات! وە بەم شێوەیە پەسنی دەکات: ((ئەو خودا و پێغەمبەرەکەی خۆش دەوێت!)) و بەم هۆیەوە بەرگری کرد لە نەفرەت لێکردنی، چونکە نەفرەت دەبێتە هۆی دروستبوونی مەودا لە نێوان ئەو و برا بڕوادارەکانیدا، وە ئەمە بوویە هۆی ئەوەی کە بڵێت: ((یارمەتی شەیتان مەدەن بۆ زاڵبوون بەسەر براکەتاندا!))، وە زنجیری پتەوی برایەتی نێوانیان بەهۆی تاوانێکەوە کە هەرچەندە گەورەیە و یەك لەدوای یەك دووبارە دەبێتەوە، ناپچڕێنێت، چونکە ئەمە بنچینەی سەرەکی ئیسلامە کە پێکەوە کۆیان بکاتەوە و لێکیان نزیك بکاتەوە.

ئەو کەسانەی کە گومانی خراپیان بەرامبەر بە کۆمەڵی خەڵك هەیە، وە کەسانی تاوانبار و هەڵەکار لە خۆیان دووردەخەنەوە و ڕێزیان لێناگرن، دەبێت ئەم هەڵسوکەوتە جوان و باش و بەڕێزانەی (پێغەمبەرﷺ) باش فێربن و چاك لێی تێبگەن.

بەڵێ، پێویستە کە بەباشی پەند لەم ڕەفتارەی (پێغەمبەرﷺ) وەربگرن، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە بەناوی بیدعەوە تەکفیری کەسانی گوناهکار دەکەن. ئەم کەسانە ئەگەر بیربکەنەوە، تێدەگەن کە تەواوی ئەو کەسانەی کە بە کافریان دادەنێن، لە دین هەڵگەڕاوە نین و پێویست ناکات کە بکوژرێن، بەڵکو یا ئەوەتا نەفامن بەرامبەر بە ڕاستی و بنچینەی ئاین کە دەبێت فێربکرێن، یا کەسانێکن کە کەوتونەتە ناو تەم و مژی تاوانەوە و پێویستە کە ڕزگاربکرێن ... وە یا کەسانێکن کە بەهۆی کاروبار و سەرقاڵی دنیاوە، لە دواڕۆژ بێئاگابوون، وە پێویستە کە بێداربکرێنەوە و بهێنرێنەوە بە هۆشدا، چونکە بێدارکردنەوە و بە هۆشداهاتنەوە بۆ باوەڕدار، هەمیشە سوودبەخش دەبێت.

گومان لەوەدا نییە کە نەفرەت خەڵکی (هەرچەندە تاوانبار و لاربن) چاك ناکات و نزیکیان ناکاتەوە لە چاکە و باشە، تەنانەت لە ڕێی چاکە و باش دووریان دەخاتەوە ... بەڵکو باشتر وایە کە لە برادەرە سەرپێچیکار و تاوانبارەکەیان نزیك ببنەوە و ئامۆژگاری بکەن بۆ کاری چاکە و بۆی بپاڕێنەوە، نەك ئەوەی کە لەناو داوی شەیتاندا بەرەڵای بکەن.

**یەکێك لە دانایان وتوویەتی:**

(( لە جێی ئەوەی نەفرەت لە تاریکی بکەیت، مۆمێك داگیرسێنە کە ڕێگا ڕووناك بکاتەوە! )).

ئەمەبوو کە ویستم بیگەیەنم بەم ڕۆڵە گەنج و هۆشیار و بەهرەمەند و دڵئاگا و موسڵمانانە و ئامۆژگارییان بکەم. ئەو کەسانەی کە پەیوەندییەکی پتەو و بەتینم هەیە لەگەڵیاندا و لەناخی دڵمدا شوێنی خۆیان کردووەتەوە و هەمیشە دڵسۆزیان بووم و چاکەویستیان بووم، وە لەمە زیاتر هیچ ناڵێم جگە لە وتەی وتاربێژی پەیامبەران (شعیب عليه السلام) کە دەیفەرموو:

﴿إِنۡ أُرِيدُ إِلَّا ٱلۡإِصۡلَٰحَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُۚ وَمَا تَوۡفِيقِيٓ إِلَّا بِٱللَّهِۚ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ ٨٨﴾ (هود: ٨٨).

واتە: ((من تا ئەوشوێنەی کە دەتوانم جگە لە چاکەویستی(بۆ خۆم و بۆ ئێوە) هیچیترم ناوێت، وە سەرکەوتنی من (لە گەیشتن بە حەق و باشەدا و نەهێشتنی ناحەقی و خراپەدا) جگە

**به (یارمەتی و پشتیوانی) خودا لای کەسیتر نییە، تەنها پشت بە خودا دەبەستم و تەنها بۆلای ئەو دەگەڕێمەوە)).**

## کۆتایی

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی وەرگێڕی کوردی | ٣.............................................. |
| پێشەکی وەرگێڕی فارسی | ٤.............................................. |
| ئامۆژگاری باوکانە بۆ گەنجانی ئیسلام | ٥.............................................. |
| لە پێناو دانیشتن و گفتوگۆی بنیادنەرانەدا | ٦.............................................. |
| یەکەم: ڕێز لە پسپۆڕەکان بگرن | ٧.............................................. |
| دووەم: ڕێی لە خوا ترسان و کەسانی میانەڕەو بگرنەبەر | ١٣.............................................. |
| سێیەم: ئاسانگیر بن و توندڕەو مەبن | ١٦.............................................. |
| چوارەم: بە شێوەیەکی جوان و دانایانە بانگەواز بکەن | ٢٠.............................................. |
| چەند خاڵێك لە بارەی ڕەوشتی بانگەوازکردن و گفتوگۆکردنەوە | ٢٥.............................................. |
| پێنجەم: لەگەڵ کۆمەڵی خەڵکیدا بژین | ٢٨.............................................. |
| شەشەم: گومانی باشتان بەرامبەر بە موسڵمانان هەبێت | ٣٦.............................................. |